دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٦١

www. kurdistanukurd.com

سەشەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٠ ـ ٢١ی ژوئەن ٢٠١١ ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

هەڤپەیڤین



**هیچ نەتەوەیەک بە تەنیا خاوەنی ئێران نیە و هیچ زمانێکیش بە تەنیا نوێنەرایەتی ئێران ناکا**
٣

بەڵگەنامەکانی کۆنگرە

**هەڵبژاردەیەک لە راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پازدەیەم**
٧

ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە

**چارەسەری پرسی کورد لە دەست BDPو AKPدا**
٨

سیاسی



**بزووتنەوەی سەوز لە هەوراز و نشێودا**
٩

### خالید عەزیزی لە وتووێژێکی تایبەتی لەگەڵ «کوردستان»دا:

# پێمان وایە گۆڕانەکانی ناوچە پەرە دەستێنن، هەر بۆیە دروشمی کۆنگرەکەمان خۆئامادەکردن بۆ هەلومەرجی نوێی خەبات بوو



لە وتووێژێکی تایبەتی دا، کە رۆژنامەی «کوردستان» بە دوای کۆنگرەی پازدەیەم دا، لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێکی هێناوە، خالید عەزیزی تیشکی خستۆتە سەر کۆمەڵێک پرسی پێوەندیدار بە حیزبەکەی و کۆنگرەی پازدەیەم. لەم وتووێژەدا بەڕێز عەزیزی بە پەیڕەوی لە پەسندکراوەکانی تازەترین کۆنگرەی حدک و بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵی ئێران و پێکهاتنی گۆڕانی گەورە لە ناوچەدا، داوا دەکا کورد لە سیناریۆ ناروونەکانی داهاتووی ئێران دا، دەورێکی بەهێزی هەبێت. لەم پێوەندییەدا، پێویستییەکانی ئەم کارە دەخاتە روو و روانگەی حیزبەکەی لەبارەی چەند پرسی گرنگی دیکە، باس دەکا.

دەقی ئەم وتووێژە هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا بخوێنەوە.

## رێ پێنەدان یا دەرگا لەسەرخۆ داخستن؟

**قادر وریا**

دوای ئەوەی شووڕای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، «ئەحمەد شەهید»ی وەک لێکۆلەری تایبەتیی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران دا، دیاری کرد، یەکەم دژکردەوە لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنەدا و ئەگەری سەفەری ناوبراو بۆ ئێران دا، لە لایەن جێگری «کۆمیتەی مافی مرۆڤی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی» پێشان درا.

کەریم عابیدی، جێگری کومیتەکە رایگەیاند کە کومیتەکەیان بڕیاری داوە رێگای هاتن بۆ ئێران بە لێکۆلەری شووڕای مافی مرۆڤ نەدرێ. زوهرە ئیلاهیانیش کە نوێنەری مەجلیسە، لە دانیشتنی ئاشکرای رۆژی ٢٩ی جۆزەردان دا گوتی: «ئێمە ناتوانین لێکۆلەری تایبەتیی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان قبووڵ بکەین، چونکە ئامانجە شاراوەکان و نیازە سیاسییەکانی ئەو دیوی بڕیارنامەی مافی مرۆڤ لە دژی ئێران بە باشی دەناسین و ئێران تەنیا دەتوانێ مل بۆ پێوەندییەکی هاوسەنگ بدا.» هەر لەم پێوەندییەدا، رەئیسی، جێگری یەکەمی دەسەڵاتی قەزایی کۆماری ئیسلامی، رۆژی ٣٠ی جۆزەردان، رایگەیاند کە «هاتنی ئەو لێکۆلەرە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە تاوتوێ دەکرێ». ئەمەش بەو مانایەیە کە رێگەدان بە ئەحمەد شەهید لە ژێر پرسیار دایە و لەوانەیە لەگەڵ هاتنی ناوبراو بۆ ئێران دژایەتی بکرێ.

لێرەدا ناچینە نێو ئەو پاساوانەی دەمڕاستەکان و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ دژایەتی لەگەڵ بڕیاری شووڕای مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ رێژیمەکەیان دا، دەیهێننەوە. لەوەش دەگەڕێین کە «کومیتەی مافی مرۆڤی مەجلیس» چەندە لە خزمەت مافی مرۆڤ و داکۆکی لە مافە ئینسانییەکانی خەڵکی ئێران دایە و، هۆی چییە لەم هەموو تاوانانەی لە رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا دەرحەق خەڵک دەکرێ بێدەنگە، بەڵام لە دژایەتیکردنی بڕیاری شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەوەندە تەڕدەستە! تەنیا خاڵێک کە لەم وتارە کورتەدا جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنە، ئەگەری رێپێنەدان و پێشگیریی کۆماری ئیسلامی لە سەفەری ئەحمەد شەهید بۆ ئێران بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤە.

ئەگەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەر بە سەفەری ئەو لێکۆلەرە بگرن، دیارە مەئموورییەت و پڕۆسەی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی دڵتەزێنی مافی مرۆڤ لە ئێران ناوەستێ و ئەحمەد شەهید لەجیاتی ئەوەی بە شێوەیەکی مەیدانی و لە نێوخۆی ئێراندا، لە نموونە زۆر و زەوەندەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بکۆڵێتەوە، لە دوورەوە ئەم کارە دەکا. بەم هۆیەشەوە کە زۆر سەرچاوەی ئاگادار لەو نموونانە و تەنانەت زۆر لە قوربانییەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی ئێران دەژین، هەروەها چونکە لە نێوخۆی ئێرانیش دا زۆر سەرچاوە هەن کە ئامادەن سەرەڕای هەموو مەترسییەکان، پێوەندی بەو لێکۆلەرە بگرن و راستییەکان لەقاو بدەن.

ل ٢

## مانگرتنی ١٢ زیندانیی سیاسیی زیندانی ئێوین بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە مەرگی زیندانیانی سیاسی



١٢ کەس لە زیندانیانی سیاسی زیندانی ئێوین بە دەرکردنی راگەیەندراوێک رایانگەیاند کە بە هۆی نارەزایەتی دەربڕین بە مەرگی هالە سەحابی و هۆدا سابر و لە یادی کوژراوانی بزووتنەوەی سەوز دەستیان بە مانگرتن کردوە.

بە پێی هەواڵی رادیۆ فەردا ئەو ١٢ بەند کراوە لە راگەیەندراوەکەی خۆیاندا پێداگرییان کردوە کە بەرپرسایەتیی مەرگی هالەی سەحابی و هۆدا سابیر لە سەر ئەستۆی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییە و ئەوان دەبێ لەو بابەتە وڵامدەر بن.

ئەوان هەروەها پێیان لەسەر ئەوەش داگرت کە هیوادارن بەو مانگرتنە پێش بە رووداوگەلی لەم چەشنە بگیرێ.

نووسەرانی ئەو راگەیەنراوە هەروەها لەمەوبەریش شاهیدی ئەوەیان دابوو کە هۆدا سابیر لە کاتی مانگرتن لە خواردنی لە بەندیخانەی ئێوین کەوتبووە بەر لێدان و کوتان و سەرەڕای ئەوەش گەیاندنی ناوبراویان بۆ نەخۆشخانە وەدرەنگ خستبوو.

واژۆکەرانی ئەو راگەیەنراوە لە دوایەدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەو پرسیارە بەرەوڕوو دەکەنەوە کە بۆچی هۆدا سابر بە بێ هێچ حوکمێک ١٠ مانگ لە زینداندا بوو؟ بە وتەی ئەوان کاریگەرییەکانی مانگرتن لە خواردن و لێدان و کوتانی هێزەکانی رژیم لە نێو زیندان بوونە هۆی مردنی هۆدا سابیر

## سەردانی هەیئەتێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان



کاتژمێر ١٠ی پێشنیوەڕۆی رۆژی یەک شەممە ٢٩ی جۆزەردان(٢٠١١/٦/١٩)، هەیئەتێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەر پەرستیی بەڕێز کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی،بە هاوڕێیەتیی بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییەکان،بەڕێز میقداد عەلی و ژمارەیەک لە کارگێرانی مەکتەبی پێوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کرد، کە لە لایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەر پەرستیی کاک مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێر و ئەندامەتیی کاک حەسەن رستگار تێکۆشەری دێرین و کۆمەڵێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پێشوازییان لێ کرا.

ئەو هەیئەتە، پیرۆزبایی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڕێز مەسعوود بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتییان بە بۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرەی پازدەیەمی حدک، بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان راگەیاند. هاوکات باس و بیر و را گۆڕینەوە لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان و رۆژهەلاتی نێوەراست کرا. هەیئەتی دەفتەری سیاسیی حدک،خۆشحاڵی و پێزانینی خۆیان بۆ پیرۆزبایی سەرۆکایەتیی پارتی دیموکرات وئەم سەردانە و هەر وەها،پەیامی دۆستانە و گەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی پازدەیەم، بە هەیئەتی میوان راگەیاند.

## دیاریکردنی راپۆرتنێری تایبەت بە مافی مرۆڤ بۆ ئێران



دوای تێپەڕبوونی چەند مانگ بە سەر راگەیاندنی بڕیاری دانانی راپۆرتنێرێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران لە لایەن شووڕای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەو شووڕایە ئەحمەد شەهید، سیاسەتمەداری خەڵکی مالدیوی وەک نوێنەری چاودێر لە سەر مافی مرۆڤ لە ئێران هەڵ بژارد.

بە پێی هەواڵی ناوەندی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران ،مانگی خاکەلێوەی رابردوو،شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری ژنێف بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک بە کۆی دەنگ بڕیاریان دا کە راپۆرتنێرێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران دیاری بکەن.

ئەحمەد شەهید ئێستا راوێژکاری سەرۆک وەزیری مالدیو لە سیاسەتی دەرەوە دایە. ناوبراو لە ماوەی ساڵانی ٨٤ تا ٨٩ ی هەتاوی وەزیری دەرەوەی مالدیو بووە.

ئەو بڕیارنامەیە بە ٢٢ دەنگی ئەرێنی لە بەرامبەر ٧ دەنگی نارازی و ١٤ دەنگی بێ لایەن پەسند کراوە. بریتانیا، فەڕانسە و برێزیل لەو وڵاتانە بوون کە پشتیوانیان لەو بڕیارنامەیە کرد، بەڵام رووسیە و چین دەنگی « نا» یان بەو بڕیارنامەیە داوە.

ئەوە یەکەمین جارە کە شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی ٨٥ ەوە دامەزراوە راپۆرتنێری تایبەت بۆ وڵاتێک دیاری بکا.

جێی ئاماژەیە کە لەوە پێش «گالین دۆپۆل»و «موریس کاپیتۆرن» وەک راپۆرتنێری مافی مرۆڤ لە ئێران دیاری کرابوون کە جگە لە سەفەرێکی کورتی دۆپۆل، هێچ کات نەیانتوانی دەستیان بگاتە بگەڵگەکانی تایبەت بە ئێران.

## بارودۆخی خراپی کەماڵ شەریفی دوای زیاتر لە ٢٠ رۆژ مانگرتن لە خواردن



کەماڵ شەریفی رۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی کە لە لایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامییەوە حوکمی ٣٠ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپاوە، بە هۆی مانگرتن لە خواردن لە دۆخی خراپی جەستەییدا بە سەر دەبا.

بە پێی هەواڵی گەییشتوو کەماڵ شەریفی زیاتر لە ٢٠ رۆژە مانی لە خواردن گرتوە و زیاتر لە ٢٠ کیلۆ لە کێشی لەشی دابەزیوە و لە باری لەشساغیەوە لە دۆخێکی خراپدا بە سەر دەبا.

ئەم رۆژنامەنووسە کوردە رایگەیاندوە کە تا وەرگرتنی وڵام لە لایەن دادستانەوە دەست لە مانگرتن هەڵ ناگرێ.

لەلایەکی دیکەوە بنەماڵەی کەماڵ شەریفی لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا کە بۆ رای گشتی و ویژدانە زیندووەکانی جیهان نووسراوە نیگەرانیی خۆیان لە باری لەشساغیی رۆڵەکەیان دەربڕیوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو نامەیەدا هاتوە کە ئێمە هەر وەک هەمیشە گوتوومانە لە بەرانبەر گیانی ئازیزانمان دا کۆماری ئیسلامی بە بەرپرسیار دەزانین و جارێکی دیکە سەرنجی بەرپرسانی باڵای ئێران بۆ دۆخی داخهێنەری ئەو زیندانییە سیاسیە رادەکێشین.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە کەماڵ شەریفی ماوەی زیندانییەکەی وەک دوورخراوەیەک لە شاری میناب تێپەڕ دەکا.

## بەشداری هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی یادەوەریی شەهیدانی بەرەی گەلی عەرەبی ئەهوازدا



ڕۆژی شەممە، ٢١ ی جۆزەردان لەسەر بانگهێشتی ڕێکخراوی نیشتیمانیی ئازادیی ئەهوازو بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی ئەهواز کۆبوونەوەیەک لە هیز و لایەنە سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێرانی لە تۆرۆنتۆی کانادا پێک هات .

لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەتا پەیامی بەرەی دێمۆکراتیکی گەلی ئەهواز لە لایەن «ابو الیاس» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەو بەرەیە خوێندرایەوە و پاشان «صلاح علام» سەرنووسەری گۆڤاری «هەواڵی عەرەبی» پەیامێکی بەو بۆنەوە پیشکەش کرد. دوا بەدوای ئەو دا «دوکتور زەفەر» بەرپرسی مافی مرۆڤی گەلی بەلووچ وتارێکی پێشکەش کرد و تێیدا کوشتار و ئازاری عەرەبەکانی بە دەستی ڕیژیمی ئیسلامی مەحکووم کرد.

لە درێژەی پەیامەکاندا « عەبدول غەفوور چواریار» بەرپرسی لیژنەی مافی مرۆڤی گەلی تورکەمەن بەو بۆنەوە وتارێکی پێشکەش کرد کە تێیدا ئێعدامی رۆڵەکانی عەرەبی بەدەست ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران مەحکووم کرد.

بەدوای ئەو دا هاوڕێ برایم جەهانگیری وتاری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان_ کومیتەی رۆژهەڵاتی کانادای پیشکەش کرد. لە وتارەکەی کومیتەی حدک دا ئاوڕێک لەو ڕەفتارە درایەوە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە چۆن کوردستانی کردبووە مەیدانی تەڕاتێنی خۆی و چۆن دەستە دەستە لاوانی کوردیان بەو پەڕی بێڕەحمی ئێعدام دەکرد. لە درێژەی وتارەکە دا باس لە کوشتاری بە کۆمەڵی لاوانی عەرەبی ئەهواز کرا و ئەو کوشتارانە بە توندی مەحکووم کران و هاو کات لە لایەن حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە ئەو پەیامە بە گویی بەشداربووان گەیشت کە بۆ ئازادی و رزگاری لە ستەمی نەتەوەیی و دیکتاتۆڕیی ئیسلامی، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان شان بە شانی هیزە سیاسییەکانی دیکە خەبات دەکات و هاوڕا و هاوڕیی باقی هێزەکانی دیکەی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران بۆ نەمانی ئەو ڕێژیمە سەرەرۆیە هەوڵ دەدات.

شایانی باسە کە ئەو هێز و لایەنانە بەشداری ئەو ریوڕەسمە بوون و بەم بۆنەوە وتاریان پێشکیش کرد:

بەرەی دێمۆکراتیکی گەلی ئەهواز، ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی گەلی بەلووچ، ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی گەلی تورکەمەن، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕەزا تورکی نوێنەری حیزبی سەربەخۆی ئازەربایجانی باشوور و حیزبی گەلی بەلووچستان.

## بەشداریی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فەڕانسە و سوئیس لە خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە گەلانی ئێران

ئەندامانی کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فەڕانسە و سوئیس بەشدارییان لە خۆپیشاندانێکدا کرد کە بۆ مەحکووم کردنی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران بە هۆی کۆماری ئیسلامی لە شاری ژنێف و لە بەردەم ڕێکخرای نەتەوە یەکگرتوو کان بەڕێوە چوو.

لەو خۆپیشاندانەدا کە لە لایەن یەکیەتیی نێونەتەوەیی پشتیوانی لە کرێکارانی ئێران ڕێک خرابوو، ئەندامانی چەندین حیزب و لایەنی سیاسی و مەدنیی کوردستانی وئێرانی وفەرانسەوی تێیدا بەشدار بوون.

لەو خۆپیشاندانەدا پەیامی کومیتەی داکۆکی لە مافی گەلانی ئێرانی بە زمانی کوردی لەلایەن مەلاعەزیز ئەحمەدی خوێندرایەوە و پەیامی پیشتیوانیی کومیتەکانی فەرانسە وسوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە زمانی فارسی ئامادە کرابوو، لە لایەن حەسەن جەبارپوور، ئەندامی کومیتەی حیزب لە سوئیس پێشکێشی ئامادەبووان کرا.

لە بەشیکی دیکەی ئەو چالاکییەی کومیتەکانی فەڕانسە و سوئیسی حیزب دا هاورێیانمان لە گەڵ کەسایەتیی سیاسیی ومەدەنیی کورد، دوکتور گوڵمراد مورادی و دوکتور مەجید موشەیەدی، کەسایەتیی فارس وبەرپرسی کانوونی دێموکراتیکی پەنابەران کۆبوونەوە و لەبارەی ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای ئێران و ناوچە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

## بەڕێوەچوونی کونفرانسێکی گرینگ لە پارلەمانی نۆروێژ لە سەر پرسی کورد

ڕۆژی دووشەمە ٢٢ی جۆزەردان کونفرانسێکی گرینگ لە پارلەمانی نورویژ لە ئوسلوو پێتەختی ئەم وڵاتە بە بەشداریی زیاتر لە ١١٠ کەس پێک هات.

ئەو کونفرانسە بە هاوکاریی فراکسیۆنی حیزبی سۆسیالیستی چەپی نۆرویژ و چەند کەس لە چالاکانی کوردی نیشتەجیێ لە وڵاتی نۆرویژ و بە پشتیوانیی بۆردی حکوومەتی هەریمی کوردستان بەڕێوە چوو.

لە لایەن حکوومەتی هەریمی کوردستاوەن چەند کەس لە وەزیران و ئەندامانی پارلەمانی هەرێمی کوردستان و چەند کەسایەتییەکی ئاکادمی و سیاسیی کورد بۆ بەشداری لەو کۆنفڕانسە بانگهێشت کرابوون و لە لایەنە نۆروێژیەکانیشەوە ٢٥ کەس لە ئەندامانی پارلەمان و چەند کەس لە وەزیران و بەرپرسانی حکوومەتی و حیزبی و ئەمنیستی بۆ وێنە ئاود لیس باکن وەزیر و جێگری ریبەری لە حیزبی سوسیالیستی چەپ، بوورد ویگار سەرۆکی فراکسیونی حیزبی سوسیالیستی چەپ لە پارلەمانی نۆروێژ و جێگری ریبەری حیزب و وەزیری پێشوو، هێکی هولموس ئەندام پارلەمانی چالاکی ئەم حیزبە وهەروەها نوینەری حیزبەکانی چەپ و حیزبی دیموکرات مەسیحی بەشداری ئەو کۆنفرانسە بوون.

لەو کۆنفرانسەدا باس لە پرسی ژێنۆسایدی کوردان کرا و لە گەل باسی ورد و پوختی نۆرویژی و کوردەکان ، فیلمێکی دیکومێنتیی سرنجراکیش لە سەر ژێنوسایدی کورد پیشان درا و پاشان ماوەیەکی کورت بۆ پرسیار وپێشنیار و بۆچوون تەرخان کرا.

## پێکهاتنی سمینارێک لە پارلمانی سویس بۆ باس لە سەر مافەکانی ژنی کورد

ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ ی جۆزەردان لە پارڵمانی سوئیس لەسەر داوا و بانگهێشتی «کارلۆ سۆممارۆگا»، بەرپرسی یەکەمی گرووپی پارلمانیی سوئیس بۆ چاوەدێری لە مافی ژنانی کوردستان، سمینارێک بۆ بەرپرسی ڕێکخراوی «ئاسودە» لە باشووری کوردستان و خاتوو «سوڕەیا جەمهور» بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و داکۆکی لە مافی ژنان، نیشتەجیێ لە شاری ژنێڤی وڵات سوئیس پێک هات.

لە سەر بانگهێشتی فەرمیی ڕێکخەرانی سمینارەکە، وەفدێکی کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستانیس پێکهاتوو لە هاوڕێیان ڕەحمەت ئیبراهیمی بەرپرسی کۆمیتە، ئارەزوو کەریم پوور بەرپرسی پێوەندیەکان و عەزیز ئەحمەدی بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکان وێڕای نوێنەرانی چەند ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنیی تر لە سمینارەکە دا بەشدار بوون.

لە سەرەتای سمینارەکەدا کارلۆ رایگەیاند کە ئەمن بە باشی ئاگاداری هەموو مەسەلەکانی تایبەت بە کەموکۆڕیی مافەکانی ژنانی کوردستان هەم و هیودارم پیاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ چارەسەریی ئەم مەسەلەیە هاوکار بن.

لە پانێلی یەکەمی سمینارەکەدا سوڕەیا جەمهور باسی لە پێشێلکاریی مافەکانی کورد لەو وڵاتانە کرد کە هەر کامیان بەشێک لە خاک و ئازادیی گەلی کوردیان داگیر کردوە و لەم بارەوە بە تایبەت تیشکی خستە سەر دۆخی نالەباری مافەکانی ژنانی کورد لە هەر کام لەو وڵاتانە. بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و داکۆکی لە مافی ژنان لە درێژەی باسەکەی دا ئاماژەی بە چۆنیەتیی پێشێلکرانی مافەکانی ژنان لە سیستمە تۆتالیتێرە مەزهەبیەکاندا کرد کە چۆن بەکەڵکوەرگرتن لە ئایین مافەکانی ژنان پێشێل دەکەن.

ناوبراو لە کۆتایی باسەکەشیدا هەڵوەستەی لە سەر کۆمەڵگا دوو کولتورییەکان کرد و جەختی لەسەر پێویستیی تێکەڵاویی زیاتری ژنانی کوردستانی و سویسی کرد.

لە پانێلی دووهەم دا بەرپرسی ڕێکخراوی ئاسووودە باسێکی لە مەر دامەزرانی ڕێکخراوی ئاسودە کرد کە بۆ داڵدەدان و پارێزگاری لەژنانی بێسەرپەرەست و ئەو ژنانە دروست کراوە کە مافەکانیان پێشێل دەکرێ.

بەرپرسی ڕێکخراوی ئاسوودە لەم بارەوە باسی لە پێویستیەکانی کاری ریکخراوەکە لە کۆمەڵگای کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم کار کردنی ڕێکخراوەکە کرد.

کۆتایی بەرنامە تەرخان کرابوو بۆ سەرنج و پرسیاری بەشدرابووان کە لەو بەشەدا ئەندامانی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان چەندین پێشنیارو روونکردنەوەیان لە سەر باسەکان هێنایە گۆڕێ کە لەلایەن ڕێکخەرانی سمینارەکەوە پێشوازییان لێ کرا.

## داخرانی دوو بڵاوکراوەی کوردی زانکۆی ورمێ لە لایەن ڕژیمەوە



دوو بڵاوکراوەی کوردی زانکۆی ورمێ کە تەنیا دوو ژمارەیان لێ بڵاو کراوەتەوە، لە لایەن کومیتەی چاوەدێری بڵاوکراوەکانی ئەو دانشگایەوە داخران.

بە پێی هەواڵی سایتی چالاکانی مافی مرۆڤ ڕۆژی سێشەممە ٢٤ی جۆزەردان کومیتەی چاوەدێری بڵاوکراوەکانی زانکۆی ورمێ سەرنووسەری هەردووک بڵاو کراوەی کوردی « هەرەوەز»و «و بوژان،»ی بانگ کردوە و پێیان ڕاگەیاندوون کە لەوە دوا ڕێگەیان پێنادری ئەو گۆڤارانە چاپ و بڵاو بکرێنەوە.

پێویست بە وەبیر هێنانەوەیە کە ساڵی ڕابردووش دوو بڵاوکراوەی دیکە بە ناوەکانی « ڕوانگە» و «ژینۆ» کە لەو زانکۆیە دەردەچوون لە لایەن کاربەدەستانی ڕژیمەوە داخران.

## سولەیمان چووکەڵی هەتا ئێستا سەدان کیلۆمێتری ڕێگا بڕیوە




سولەیمان چووکەڵی، چالاکی مەدەنیی کوردی دانیشتووی نۆروێژ کە بە مەبەستی پشتیوانی لە کاندیدا کردنی محەمەد سدیق کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بڕیاری داوە نێوان شاری تروندهایم لە نورویژ تا بەردەم پاڕلمانی ئورووپا لە برۆکسێل بە دوچەرخە ببڕێ، تا ئێستا سەدان کیلۆمێتری ڕێگای نۆروێژ تا بێلژیکی بە دووچەرخە بڕیوە.

ناوبراو کە تێدەکۆشێ بەو کارەی سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهان بۆ لای دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران رابکێشێ، لە ڕۆژی شەممە ٢٨ ی جۆزەردانەوە ئەو چالاکییەی دەست پێ کردوە.

ناوبراو لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی خۆی وتویەتی کە زۆر خۆشحاڵە بەوەی کە توانیویەتی ئەم بەشە لە پڕۆژەکەی بەڕێوە بەرێ.

درێژەی لاپەڕی ١

## ڕێ پێنەدان یا دەرگا لەسەرخۆ داخستن؟

ئەحمەد شەهید کاری خۆی دەکا و راپۆرتەکەی دەداتەوە بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو کات ئەنجومەنی ئاسایش، کارنامەی مافی مرۆڤی ئەو ڕێژیمە بە سەرنجدان بە هاوکاری نەکردن و دژایەتیکردنی لەگەڵ بڕیاری شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەڵدەسەنگێنێ و بڕیاری لەسەر دەدا.

لە راستیدا، کۆماری ئیسلامی بە ڕێگەنەدان بە ئەحمەد شەهید بۆ سەفەری ئێران، دەرەتانی حوزووری مەیدانی لە شوێنی ئەسڵیی مەئمووریيەت لە ناوبراو دەستێنێتەوە. بەڵام بەو کارەی نەک هەر هیچ خزمەتێک بە گۆڕینی روانگە و بڕیاری کۆمەڵگەی جیهانی لە بارەی خۆیەوە لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ دا ناکا، بەڵکوو بڕیار و هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە دژی خۆی توندتر دەکا. بەکورتی، ڕێگەنەدان بە سەفەری لێکۆلەری شوورای مافی مرۆڤ بۆ ئێران، دەرگا لەسەرخۆ داخستنی ئەو ڕێژیمە و پشتکردن لە جیهان دەبێ.

با بزانین دەوێرن ئەم کارە بکەن؟!

### خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

# هیچ نەتەوەیەک بە تەنیا خاوەنی ئێران نییە و هیچ زمانێکیش بە تەنیا نوێنەرایەتیی ئێران ناکا

**هەڤپەیڤین: ڕێبوار مەعروفی**

سکرتێری گشتیی حیزب لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان»دا:

ئێمە پێمان وایە گۆڕانەکانی ناوچە پەرە دەستێنن، هەربۆیەش دروشمی کۆنگرەکەمان خۆئامادە کردن بۆ هەلومەرجی نوێی خەبات بوو. «کوردستان» بۆ تیشک خستنە سەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەدوای کۆنگرەی پازدەیەم دا، بە پێویستی زانی چەند پرسێک لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب، ڕێزدار خالید عەزیزی دا بێنێتە بەرباس. لەم وتووێژەدا ڕوانگەکانی سکرتێری گشتی و حیزبەکەی لەبارەی داهاتووی پێوەندییەکانی حدک و حدکا، گرنگیدان بە ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، فیدرڕالیزم و پرسی نەتەوەیی لە ئێران و گۆڕانەکانی ناوچە و پرسی کورد، دەخوێننەوە:

**کوردستان: بە بڕوای جەنابتان لە ماوەی ئەو لەتبوونەدا، خاڵە جیاواز و جیاکەرەوەکانی حدک و حدکا چ بووە؟ هەروەها کۆنگرەی ١٥ی حدک لەو پێوەندییەدا چ هەڵوێستێکی گرتووە؟**

خالید عەزیزی: پێشەکی ئێمە با ئەو خاڵە جیاوازانەی کە کاتی خۆی حیزبی دێموکڕاتی لەسەر لەت بوو بکەین بە مێژوو. بەڵام ئەگەر لەسەر ئێستا و داهاتوو قسە بکەین بێ شک خاڵە هاوبەشەکانمان لە خاڵە جیاوازەکانمان زیاترە. خاڵە هاوبەشەکانی حدک و حدکا بریتیین لە: ١- ڕابردووی حیزبی دێموکڕات بە هەموو ئەو باشی و خراپیيانەی بوویەتی، ڕابردووی هەر دوو لای دێموکڕاتە. ٢- لە نێوخۆی وڵات، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتایبەت ئەندامانی حیزب، ئەو لەتبوونەیان پێ ناخۆش بووە و ئەو بابەتە لەباری ڕۆحی یەوە کاریگەریی خراپی بووە. هەروەها ئێمەش وەک هەر دوو لای دێموکڕات جیاواز لەوەی کام لایەن زیاتر یا کەمتر تاوانبار بووە، لەتبوونی حیزبمان پێ خراپ بووە. ٣- ئێستا دوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە کۆمەڵگای ئێران و چەندین گۆڕانکاری گەورەی ناوچەکە وا هەڵدەگرێ کە کورد لە سناریۆ نارۆونەکانی داهاتووی ئێران، دەورێکی بەهێزی هەبێت کە ئەوەش پێویستی بە دۆزینەوەی میکانیزمی لێک نزیکبوونەوە هەیە. دیارە کۆنگرەی ١٥ی حدک لەو بڕوایەدا بوو کە کێشەی هەر دوو لای دێموکڕات لە ڕێگای وتوویژ و دیالۆگ چارەسەر دەکرێت. ئەگەر ئێمە لەو پێوەندییەدا بمانهەوێ لە شوێنێکرا دەست پێ بکەین، پێویستە لەگەڵ یەکتر دانیشتن بکەین و پێکەوە لەسەر میکانیزمی چارەسەری داهاتووی حیزبی دێموکڕات بڕیار بدەین.

> **کۆنگرەی ١٥ی حدک لەو بڕوایەدا بوو کە کێشەی هەر دوو لای دێموکڕات لە ڕێگای وتوویژ و دیالۆگ چارەسەر دەکرێت. ئەگەر ئێمە لەو پێوەندییەدا بمانهەوێ لە شوێنێکرا دەست پێ بکەین، پێویستە لەگەڵ یەکتر دانیشتن بکەین و پێکەوە لەسەر میکانیزمی چارەسەری داهاتووی حیزبی دێموکڕات بڕیار بدەین**

**کوردستان: جەنابتان زۆرجار باستان لەوە کردووە کە لە حیزبی یەکگرتوودا پێکەوە نەدەسازان، ئەو پێکەوە حاوانەوەیە ئێستا کە لە ناو حدک دا لە ئاستی فیکری، سیاسی و تەشکیلاتی بە چ شێوەیەکە؟**

خالید عەزیزی: دیارە لە کاری گرووپی دا و بەتایبەتی لە حیزبایەتی دا و بەتایبەتی تر کە ئێمە لە ناوخۆی وڵات دا چالاکیی سیاسیی ئاشکرامان نییە، کەمتر بیروڕای خەڵک بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە. سروشتییە کە پێکەوە سازان و پێکەوە کارکردن بێ گرفت نییە. ئەگەر ئەو سەردەم نەمانتوانی لەگەڵ یەکتر بسازێین و بەداخەوە لەتبوونی لێکەوتەوە، هیوادارم بە هەبوونی ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنە بە نیسبەت ڕابردوو بگەینە سەر ئەو قەناعەتە کە لە ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆ گرتن، دانانان بە هەڵە و کەموکورتی، لە خزمەت گەشە و پێشکەوتنی ئێمە دایە. بەگشتی هیوادارم هەوڵ بدەین کە فەرهەنگسازی بکەین تا لە داهاتوودا زیاتر یەکتر تەحەممول بکەین.

**کوردستان: لەدوای لەتبوون، لە نێوان کۆنگرەی ١٤ تا ١٥، لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی حدک دا فەزایەکی کراوەتر پێک هات کە مەجالی ئازادیی ڕا دەربڕین، دیالۆگ و ململانێی فیکری زیاتری بۆ ئەندامانی حدک ڕەخساند. بەرنامەی ئێوە بۆ بەردەوامی، مودیرییەت و بەرهەمدار کردنی ئەو کرانەوەیە چییە؟**

خالید عەزیزی: مادام ئێمە ئەو میکانیزمەمان قبووڵ کردوە کە حیزبێکی دێموکراتین کەوایە لە نێو ڕیزەکانی ئێمەدا کۆبوونەوە، کۆنفڕانس، کۆنگرە و هەڵبژاردنەکان



بە شێوەی دێموکڕاتیک دەبێت. دیارە ئەو بابەتە بێ گرفت نییە، بەڵام بە پێی دیموکڕاتبوون، هێندێک بەرپرسیارەتی هەیە. ئەو پرسیارەتییە تەنیا ئەوەیە کە ئێمە بتوانین بە پێی توانا لە ڕیزەکانی خۆمان دا، ئەمنییەتێکی حیزبی، تاکەکەسی و حقووقی بۆ ئەندامەکانمان دابین بکەین. هەر بەم هۆیەوە ئەگەر ئێمە فەزایەک پێک بێنین کە هیچ کەس لە نێو حیزب دا تێرۆری شەخسییەت نەکرێ، هیچ کەس بەهۆی بیروڕای جیاواز پەراوێز نەخرێ و بەگشتی هەموو بیروڕاکان لە نێو حیزبدا ئازاد بن، تەنانەت ئەگەر بۆچوونێکی سیاسی پێیوایە کە دەتوانێت فراکسیونێک پێک بێنێ کە بە شێوەی بە کۆمەڵ بیروڕای خۆی دەربڕێ، مافی خۆیەتی کە لە ژێر ڕووناکیی ئازادی و یاسای نێوخۆیی حیزبدا چالاکی بکات.

**کوردستان: لە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی و لە وتەکانی بەڕێزتان لە جێژنی کۆنگرەشدا، لەسەر پێویستیی گرینگیدان بە کرماشان و ئیلام جەخت کراوە. میکانیزمی ئێوە بۆ بایەخدانی زیاتر بەو ناوچانە چییە؟**

خالید عەزیزی: پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە بە دامەزرانی حیزبی دیموکرات لە ساڵی ١٩٤٥ وەک دەستپێکی جموجۆڵی سیاسی لە شکڵی سازمانی و مۆدێڕنی دا، بەهۆی ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەجالی چالاکیی ئاشکرا و یاسایی زۆر کەم بووە، تێکۆشانی ئێمە لە پارێزگای ئیلام و تا ڕادەیەک کرماشان کەمڕەنگ بووە. بەڵام مادام ئێمە وەک حدک خۆمان بە هەموو شارو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە دەکەین، ئەرکی سازمانیی ئێمەیە کە چالاکیی بەرفراوان لەو ناوچانەدا ئەنجام بدەین. دیارە جەخت کردنی کۆنگرەی ١٥ی حدک لەسەر پێویستیی تێکۆشانی زیاتر لە کرماشان و ئیلام، کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسیار دەکات کە لە پێناو چالاکیی تەبلیغاتی، تەشکیلاتی و سیاسیی زیاتر لەو ناوچانە هەوڵ بدات.

**کوردستان: ئایا کەمبوونی ڕێژەی بەشداریی دانیشتووانی پارێزگاکانی کرماشان، سنە و ئیلام لە ئاستی ڕێبەرایەتی حدک دا کاریگەریی خراپی لەسەر ڕەوشی نێوخۆ و بەتایبەتی تێکۆشانی حیزب لەو پارێزگایانە دا نابێت؟**

خالید عەزیزی: لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژەی کەمی بەشدار بوونی دانیشتووانی ئەو پارێزگایانە لە ڕێبەرایەتی حدک دا، پێویستە ئاماژە بەو خاڵانە بکەم:

١-پێویستە جیاوازیی نێوان حیزب و پارلمان دەستنیشان بکەین. لە پارلماندا هەر شار و ناوچە و ئەیالەتێک بە گوێرەی یاسا نوێنەری خۆی دەبێت، بەڵام لە حیزبدا کۆمەڵە کەسێک بە پێی بڕوابوونیان بە پێڕەو و پڕۆگرامێکی هاوبەش، بەشدار دەبن.

٢-لە هیچ حیزبێکی دنیادا هەڵبژاردنی ڕێبەری بە پێی ناوچە و ئەیالەت نییە. ڕەنگە لە شوێنێک کەمتر یا زۆرتر بێت.

٣-ڕێژەی کەمی بەشداریی پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام لە ڕیزی تێکۆشەرانی ئاشکرای حدک دا، بە واتای هەڵاواردنی ئەوان لە بەرنامە و سیاسەتی پراکتیکی حیزبدا نییە. بەم پێیە لە باری ئوسوولی یەوە ئەگەر تەنانەت تەواوی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب خەڵکی گوندێکی ئیلام بن، هیچ گرفتێکی نییە. بەداخەوە لە کێشەکانی حدک دا لە پێش و لە دوای لەتبوون، ناوچەگەرایی لە گۆڕێدا هەبووە، ئێمە لەو ماوەیەدا هەوڵمانداوە کە لە مەیدانی کردەوەدا پێناسەی حدک پێناسەیەکی کوردستانی بێت و ئەو پێناسەیە هەموو زاراوە، ئایین و ناوچەکان بە بێ جیاوازی لە خۆ بگرێت.

**کوردستان: بە بڕوای جەنابتان تێکۆشانی حدک کەی دەگاتە ئەو ئاستەی کە خەباتی نەتەوەیی بە بەرفراوانی هەموو فرەچەشنییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بگرێتەخۆ؟**

خالید عەزیزی: بەڕێوەچوونی خەباتێکی نەتەوەیی یەکدەست مسۆگەر دەبێ ئەگەر ئێمە وەک نەتەوەیەک بیر بکەینەوە، بجووڵێینەوە و بڕیار بدەین. ئەو کاتەی کە ئێمە وەک نەتەوەیەک خۆمان لە بەرامبەر تاراندا دیتەوە، ئەو کاتەیە کە بەستراوەیی یە ناوچەیی و ئایینی یەکانمان کەم دەبێتەوە. من لەو پێوەندییەدا گەشبینم کە ئێمە لە داهاتوودا دەگەینە ئەو ئاستە لە ئیرادەی نەتەوەیی.

**کوردستان: ئایا هەڵبژاردنی فیدڕالیزم وەک دروشمی ستراتیژیک لە لایەک و بانگەواز بۆ پڕ ڕەنگ کردنی گوتاری نەتەوەیی لە لایەکی تر، لە پاردۆکس و ناتەبایی لەگەڵ یەکتردا نین؟**

خالید عەزیزی: بە بڕوای من فیدڕالیزم و پڕ ڕەنگ کردنی گوتاری نەتەوەیی لە پارادۆکس لەگەڵ یەکتردا نین چونکە: ١-حیزبی دێموکرات هەر لە ڕابردۆوە باسی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد کردوە.

٢- باشترین پێشڤەچوون بۆ چارەسەری پرسی کورد ئەوەیە کە مەجالێکی دێموکڕاتیک برەخسێت.

٣- گەیشتن بە مافی نەتەوەیی میتۆد و میکانیزمی جۆراوجۆری هەیە. سەردەمێک ئەو میکانیزمە خودموختاری بوو، ئێستاکە بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئێران و جیهان ڕوویان داوە، ئێمە فیدڕالیزممان هەڵبژاردوە. بەگشتی فیدڕالیزم ڕێگا چارەیەکە کە ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا پێشنیاری دەکەین بەڵام بە پێی پێویست لە دەرفەتی دێموکڕاتیکدا دەکرێ ڕێگاچارەی دیکەش بێتە گۆڕێ.

**کوردستان: بەڕێز سکرتێری گشتیی حدک! ئەگەر ئێمە بە نیسبەت فیدڕالیزم ئەو سێ خاڵە لەبەر چاو بگرین کە:**

**الف-لە ئاستی دنیادا هەر وڵاتێک فیدڕالیزمی تایبەت بەخۆی هەیە و هەتاکوو ئێستاکەش ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی نەیانتوانیوە فیدڕالیزم شی بکەنەوە لە باری ئیداری و حقووقی یەوە.**

**ب- فیدڕالیزم لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە و چەسپانی لە یاسای عێراق دا، هاتۆتە نێو بەرنامەی ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی**

**ج) ترس لەوەی کە فارسەکان ئەحزابی کوردی بە جیاییخواز لە قەڵەم بدەن. ئایا هەڵبژاردنی فیدڕالیزم وەک درووشمی ستراتژیک بەرهەمی لێکدانەوەیەکی واقعییانەی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانە؟**

> **ئێمە لەو بڕوایە داین کە هیچ نەتەوەیەک بەتەنیا خاوەنی ئێران نییە و هیچ زمانێکیش بەتەنیا نوێنەرایەتیی ئێران ناکات. بەڵام، لە داهاتوودا دەکرێ نەتەوەکان بە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکتر زمانێکی هاوبەش دەستنیشان بکەن**

خالید عەزیزی: جەوهەر و خاڵی هاوبەش لە هەموو شکڵە جیاوازەکانی فیدڕالیزم، کە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان دا جێی گرتوە ئەوەیە کە دەسەلات بە پێی فرەچەشنیی هەر وڵاتێک دابەش بکرێت. بەڵام ئێمە وەک حدک، فیدڕالیزم بۆ ئێران لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی- جوغرافیایی پێناسە دەکەین. دیارە چاولێکردنی ئێمە بە نیسبەت نەتەوە، لە ڕوانگەی چووکەیی یان گەورەیی، ژێردەستی یا باڵادەستی نەتەوەیی نییە، بەڵکوو ئێمە بە بێ جیاوازی قسە لەسەر کێشەی نەتەوەکان دەکەین. ئێمە لەو بڕوایە داین کە هیچ نەتەوەیەک بەتەنیا خاوەنی ئێران نییە و هیچ زمانێکیش بەتەنیا نوێنەرایەتیی ئێران ناکات. بەڵام، لە داهاتوودا دەکرێ نەتەوەکان بە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکتر زمانێکی هاوبەش دەستنیشان بکەن. هەروەها من ئەو گلەیی یە قبووڵ دەکەم کە پێویستە فیدڕالیزم زیاتر بۆ خەڵکی

ل ٤

دریژەی هەواڵ و راپۆرت:

# پەیامی دایکی فەرزادی کەمانگەر بە بۆنەی رۆژی جیهانیی پشتگیری لە زیندانیانی سیاسی



دایکی فەرزادی کەمانگەر، مامۆستای لەسێدارەدراوی کورد بە بۆنەی رۆژی جیهانیی پشتگیری لە زیندانیانی سیاسی پەیامێکی بڵاو کردەوە.

لە بەشێک لەو پەیامەدا هاتوە کە ئەمن تا ئێستا زۆرجار لە پەیامەکانم دا باسی ئەوەم کردوە کە دەبێ لە خەمی ئازیزانی بەندکراومان دابین و نابێ ئێزن بدەین ئازیزانی ئێمە لە نێو زیندانەکاندا بمێننەوە، ئەشکەنجە بکرێن و بکوژرێن.

دایە سەڵتەنە دەڵێ کە هیچ بەندکراوێک بە بێ ئەوەی ئێمە هەوڵی بۆ بدەین ناتوانێ لە زیندان بێتە دەرێ، چونکێ بێبەزەییترین مرۆڤەکان لە زیندان و لە سەر کەسانی بەندکراودا بڕیار دەدەن. کلیلی شکاندنی ئەو قوفڵە یەکیەتیە و پێویستە بنەماڵەکان پێکەوە یەک بگرن و خەڵکیش یارمەتیان بکەن کە بە دڵنیاییەوە دەیکەن. دەبێ بچی و لێیان بپرسی کە بۆچی رۆڵە ئازیزەکانی ئێمەتان خستۆتە زیندانەوە و بە چ تاوانێک ئەوان دەکوژن.

لە بەشێکی دیکەی پەیامی دایە سەڵتەنەدا هاتوە کە زۆربەی بنەماڵەکان دوای تێپەڕ بوونی چەند ساڵ ئێستاش نازانن خۆشەویستەکانیان لە کوێ زیندانی کراون. تەنانەت نازانن کە کوژراون یان زیندوون، یان ئەگەر کوژراون شوێنی بە خاک سپاردنیان لە کوێیە. هەزاران بنەماڵەی وەک من ئاوارەی ئەو شار و ئەو شار بوون. کامە قانوون و چ خودایەک و چ مرۆڤێک ئەو شتە بە دروست دەزانێ؟ تاوانی فەرزادی من ئەوە بوو کە تەنیا وتی مرۆڤ دەبێ وەک مرۆڤ ژیان بکا ،بەو هۆیەش کوڕەکەی منیان گرت و کوشتیان.

لە کۆتایی ئەو پەیامەدا هاتوە کە من ژان و زۆرم کێشاوە، چ ئەو کاتەی کە فەرزاد بەندکراوێک بوو و چ ئێستا کە ئەویان کوشتوە. دەزانم کە دایکانی دیکە بە خاتری خۆشەویستەکانیان شەو و رۆژ چ دەکێشن. من تەنانەت نامهەوێ کە دایکی دوژمنەکانیشم بچنە نێو ماتەمەوە و تووشی زەجر و نارەحەتی بن، چون دایکن و نامهەوێ هیچ دایکێک بۆ منداڵەکەی شیوەن و رۆڕۆ بکا.

دایکی فەرزادی کەمانگەر پەیامەکەی بەو شێوەیە تەواو دەکا و دەلی کە بە هەمووی بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی رادەگەیەنم، بە هەمووی ئینسانەکان دەڵێم کە تەنیا رێگە یەکگرتنە،چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات. من داوا لە تەواوی ناوەندە مرۆڤدۆستەکان دەکەم لە بیری منداڵانی ئەو وڵاتە دابن و نەهێڵن لە زیندانەکان بمێننەوە یان لە زینداندا بکوژرێن، ئیدی بەسە.

# کۆبوونەوەی کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنیی شاری سنە لە گەڵ دادستانی ئەو شارە بۆ پێشگیری لە ئێعدامی حەبیب لەتیفی

لە درێژەی هەوڵ و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی و مافی مرۆڤ بۆ پێشگیری لە جێبەجێکرانی لەدار درانی حەبیب لەتیفی، رۆژی دووشەمە ٢٣ ی جۆزەردان کۆمەڵێک لە کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی شاری سنە، پێکهاتوو لە ماموستایانی ئایینی، مامۆستای زانکۆ، خوێندکاران، موعەلیمان، بازارییان وچالاکانی مەدەنی و مافی مرۆڤ سەردانی دادستانی شاری سنەیان کردوە.



لەم چاوپێکەوتنەدا داوا لە دادستانی سنە کراوە کە بە سەرنجدان بە چەندین هەزار ئیمزا لە لایەن خەڵکەوە جێی خۆیەتی کە ئەو حوکمە هەڵ وەشێتەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا دادستانی سنە پێی لە سەر ئیدیعاکانی پێشووی داگرتۆتەوە و کوتویەتی کە حەبیبوڵا لەتیفی بە تاوانی موحاربە دژی ئیسلام و دژی یاسای کۆماری ئیسلامی دادگایی کراوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو حوکمە دەبێتە هۆی بەدناوبوونی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی.

شایانی باسە کە پەروەندەی ناوبراو لە باری حوقووقی و ئایینی دادرەسیەوە گەیشتوەتە دوا قۆناغی خۆی و لەسەر مێزی دادگایە و هەرکات ئەگەری جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامەکەی لە ئارا دایە.

# نامەی منداڵەکانی ئەنوەر حوسێن پەناهی بۆ ناوەندەکانی مافی مرۆڤ

منداڵەکانی ئەنوەر حوسێن پەناهی، زیندانیی سیاسیی کورد کە زیاتر لە ٤ ساڵە لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا بە سەر دەبا، لە بەرەبەری ٣٠ ی جۆزەردان کە بڕیارە خۆپیشاندانی سەرتاسەری بە مەبەستی داوای ئازادیی زیندانیانی سیاسیی ئێران بەڕێوە بچێ، بە نووسینی نامەیەک بۆ ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و ویژدانە بە خەبەرەکانی جیهان خوازیاری هەڵگرتنی هەنگاوی جیددی بۆ ئازاد کردنی ئەنوەر حوسێن پەناهی و زیندانیە سیاسیەکانی دیکەی ئێران بوون.

لەو نامەیەدا هاتوە کە ئەوە زیاتر لە ٤ ساڵە کە باوکمان لە زینداندا بە سەر دەبا و ئێمە لەم ماوەیەدا تووشی زۆر کێشە و گرفت هاتووین. باوکمان ئەو ماوەیە لە زیندانی شاری سنەدا تووشی نەخۆشیی گورچیلە هاتوە و دایکیشمان سێ ساڵە کە تووشی نەخۆشی بووە و ماوەیەکیش لە نەخۆشخانە کەوتوە، بەڵام دایکمان فێری کردووین کە خۆڕاگر بین، چونکە باوکمان لە سەر عەداڵەت خوازی تووشی زیندان بووە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو نامەیەدا هاتوە کە ئەوە زیاتر لە چوار ساڵە ئێمە لە خۆشەویستیی باوک بێبەری کراون و لەو دیوی دیوارە ساردەکانی زیندانەوە چاوەڕێی ئازادیی باوکمانین و باوکیشمان لەو دیوی زیندانەوە خەون بە ئێمەوە دەبینێ.



منداڵەکانی حوسێن پەناهی لە کۆتایی نامەکەیاندا دەنووسن، ئێستا کە رۆژی ٣٠ ی جۆزەردان بۆ پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی لە بەرچاو گیراوە، لە هەموو ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و هەموو ویژدانە بە خەبەرەکانی دنیا داوا دەکەین کە بۆ ئازادیی باوکمان لە هەر کارێک کە لە دەستیان دێ درێغی نەکەن.

دریژەی:

# وتوویژ لەگەڵ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئێران شی بکەینەوە و ئەو ترسەی کە کۆماری ئیسلامی بەناوی جیاییخوازی دروستی کردوە، بڕەوێنینەوە.

**کوردستان: بە پێی ئەوەی کە ئێمە لەم دوایی یانەدا شاهیدی ئەوە بووین کە باشووری سوودان توانی لە ڕێگای ئەنجامی ڕێفراندۆم بە سەربەخۆیی بگات، ئایا حدک خاڵی ئەنجامدانی ڕێفراندۆمی بۆ دیاری کردنی مافی چارەنووسی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاندوە؟**

خالید عەزیزی: ڕێفراندۆم چ لە بەرنامەی ئێمەدا ببێت یا نا، کۆنگرەی حدک پەسەندی بکات یانا، بابەتێکی جێکەوتووی حقووقی نێودەوڵەتی یە. ئەگەر رۆژێک لە رۆژان هەلومەرجێک لە ئێراندا رەخسا و کوردیش خوازیاری ئەوە بوو کە لە ڕێگەی ریفراندۆم، چارەنووسی خۆی دیاری بکات، دەکرێ لە ڕێگای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەوە ڕێفراندۆم ئەنجام بدرێت.

**کوردستان: بە پێی ئەوە کە مودێلی خەباتی مەدەنی لە جیهاندا لە حاڵی پەرەسەندن دایە و فۆرمی خەباتی چەکداریش بەرەو کزبوون چووە، بەرنامەی حدک لە مەیدانی کردەوەدا، بۆ بەهێزتر بوونی فۆرمی مەدەنی خەباتی نەتەوەیی (لەبەر کردنی جلی مەدەنیی لە خەباتی نەتەوەیی) چییە؟**

خالید عەزیزی: حیزبی دێموکرات بە چەک لە دایک نەبووە، بە شەڕی چەکدارییش کۆماری کوردستانی دانەمەزراندوە، کەوایە حیزبی دێموکڕات لە جەوهەر و شوناسی خۆیدا سیڤیل و مەدەنی یە. هەروەها ئێمە چەکمان بۆ داگیرکردن و هێرش بۆ سەر هیچ خەڵکێک و جوغرافیایەک بەکار نەبردوە. بەڵکوو لە رووی ناچاری و لەپێناوی داکۆکی کردن کەڵکمان لێوەرگرتوە.

جگە لەمانە لەم سەردەمەدا هیچ لۆژیکێکی نیزامی و سیاسی ئەوە ناڵێت کە کۆماری ئیسلامی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەڕووخێت بەلام، داهاتووی ئێران نارِوونە. رەنگە بۆ بەرگری لە خۆمان ناچار بین لە چەک کەڵک وەربگرین.

پێمخۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە پرسی کورد تەنیا پرسی حیزبی دێموکرات نییە، خەباتی کوردیش تەنیا خەباتی چەند سەد کادر و پێشمەرگەی حیزب کە لە دەرەوەی کوردستانی رۆژهەلات نییە، بەڵکوو خەباتی بە هەزاران کەس لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵی کوردستانە.

**حیزبی دێموکرات بە چەک لە دایک نەبووە، بە شەڕی چەکدارییش کۆماری کوردستانی دانەمەزراندوە، کەوایە حیزبی دێموکڕات لە جەوهەر و شوناسی خۆیدا سیڤیل و مەدەنی یە. هەروەها ئێمە چەکمان بۆ داگیرکردن و هێرش بۆ سەر هیچ خەڵکێک و جوغرافیایەک بەکار نەبردوە**

**کوردستان: هەر لە ئێستاوە لە ناوخۆی ئێراندا، مشتومڕێکی توند لەسەر هەڵبژاردنی خولی ۹ی پارڵمان لە ئارا دایە. بە پێی ئەوەی حدک لە خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری بە پێچەوانەی زۆر لایەن هەڵوێستی بایکۆتی نەگرت، هەروەها بە پێی هەڵسەنگاندنەکانی کۆنگرەی ۱۵، حدک چۆن بەرەو پیری هەڵبژاردنەکانی خولی ۹ی پارڵمانی ئێران دەچێت؟**

خالید عەزیزی: من بە زووی دەزانم کە هەڵوێستی حدک لەو پێوەندییەدا رابگەیەنم. بەڵام بە پێی ئەو ئەزموونەی کە هەمانە، بە وردی بابەتی هەڵبژاردن تەعقیب دەکەین هەتاکوو بتوانین زیاترین کەڵک لە هەر دەرفەتێک وەربگرین. من پێموایە هەر هەڵوێستێک کە بمانبێ، پێویستە بە بەرنامە بێت و نابێ وەک کورد کز بجووڵێینەوە. پێویستە ئێمە بە نیسبەت کێشەکانی تاران بێ هەڵوێست نەبین، تەنانەت لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی نێوان خامنەیی و ئەحمەدی نژاد نابێ بێ هەڵوێست بین، هەرچەند هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەم دوو کەسە بە نیسبەت مافی کوردەوە نییە بەڵام، ئەگەر بزانین کە دەتوانین لە پێناو لاواز کردنی زیاتری رێژیم و بەرژەوەندی خۆمان رۆڵێک بگێڕین، بە دڵنیایی یەوە ئەنجامی دەدەین. بە بڕوای ئێمە هیچ شتێک ئاسانتر لەوە نییە کە بە قسە بڵێی کۆماری ئیسلامی خراپە و دەبێ بڕووخێت بەڵام، بێ گومان چوونە ناو کێشە جۆراوجۆرە سیاسییەکان، راکێشانی خەڵک بۆ نێو کێشەکان، پرسیار دروست کردن، بەهێز کردنی عەقڵانییەتی خەڵک، زیندوو راگرتنی کۆمەڵگا، ئاسان نییە.

**کوردستان: هەڵسەنگاندنی ئێوە لەسەر گۆڕانەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی رێککەوتنی بزووتنەوەی فەتح و حەماس لە میسر و ئاڵۆزییەکانی سوریە چییە؟**

خالید عەزیزی: ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە کۆمەڵگەی جیهانی لە حاڵی گۆڕان و گەشەی بەردەوام دایە. ئەگەر ئێمە بەراوردێک بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە رۆژ لە رۆژ بە ژمارەی دێموکڕاسییەکان زیاد و لە ژمارەی دیکتاتۆرییەکان کەم دەبێتەوە. هەروەها تەکنۆلۆژیی پێوەندی وای کردوە کە دەوڵەتەکان توانای داخستنی سنوورەکانیان نەبێت. جگە لەمە ئابووریی جیهانی وەک گرینگترین رەهەندی بەجیهانیبوون پێویستی بە ئەمنییەتە و، دێموکڕاسی توانایی دابینکردنی ئەمنیەتێکی زیاتری بۆ ئابووریی بازار هەیە. دیارە بە پێی ئەوەی رێژیم بەردەوام سیاسەتی ناردنی شۆڕشی ئیسلامیی لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا لەبەر چاو گرتوە و سووریەش گەورەترین هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەکە بووە، لاچوونی بەشار ئەسەد دەتوانێ شکستێکی گەورە بۆ رێژیم لە قەڵەم بدرێ. هەروەها تا پێش لەم ئاڵۆزیانەی سووریە، زۆرێک لە کوردەکانی ئەو وڵاتە بێ ناسنامە بوون، بەڵام ئێستاکە وەک فاکتەرێکی گرینگ بۆ داهاتووی سوریە لە قەڵەم دەدرێن. دیارە بەشداریی یەکگرتووانەی کوردەکان لە هەڵبژاردنەکانی پارڵمانی تورکیەدا توانیویەتی دەرئەنجامی باشی هەبێت و قورسایی کوردی، لەو وڵاتە زیاتر کردوە. بێ شک پێشڤەچوونی کوردەکان لە سووریە و تورکیە، یارمەتیدەری خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. بەگشتی حدک لەم بڕوایە دایە کە گۆڕانەکانی ناوچە پەرەدەستێنن و هەر بەم هۆیەش دروشمی کۆنگرەی ١٥، خۆ ئامادە کردن بۆ قۆناغی نوێی خەبات بوو.

## ڕاگەیەندراو بە بۆنەی پێکهاتنی

# دووهەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پانزدەهەم

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان ! تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

بەئاگاداریتان دەگەیەنین کە دووهەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەعاتی٩ی بەیانیی رۆژی پێنج شەممە ١٩ی جۆزەردانی ١٣٩٠ی هەتاوی ( ٩ی ژانویەی ٢٠١١ زایینی) دەستی بەکارەکانی خۆی کرد و پاش چەند دانیشتن نیوەڕۆی رۆژی هەینی ٢٠ی جۆزەردان کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

یەکەم بەشی کاری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، هەڵسەنگاندنی وردی سیاسی و تەشکیلاتیی کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم پێوەندییە دا باسەکەی کردەوە. سکرتێری گشتیی حیزب باسی چۆنیەتیی خۆئامادە کردن، بەستن و لایەنی تەداروکاتی و ئەمنیەتی وپاراستنی کۆنگرەی کرد وبە خاڵی بەهێز و جیگای رەزامەندیی ئەندامانی کۆنگرەی لە قەلەم دا ولەو پێوەندییەدا سپاسی هەموو ئەوکەس و لایەنانەی کرد کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە سەرخستنی کۆنگرە دا دەستیان هەبووە.

سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێک لە هەڵسەنگاندنەکەی دا باسی چۆنیەتیی ئامادە کردنی بەلگەنامەکانی کۆنگرەی کرد، ئامادە کردنی ئەو بەلگەنامانەی بە تایبەتی راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی بۆ کۆنگرەی ١٥ و نووسینەوەی گەڵاڵەی بەرنامە وپێرەوی نێوخۆی حیزب بە هۆکاری دەولەمەند کردنی باسەکانی کۆنگرە و دروست کەلک وەرگرتن لە کاتی کۆنگرە کرد، و ئاماژەی بەوە کرد کە پێویستە هاورێیان بە وردی موتالای بەڵگەنامەکان بکەن بۆ ئەوەی لە رەوتی تێکۆشان و راپەراندنی کاری حیزبی دا کەلکیان لێ وەربگیرێ.

سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی باسەکەی دا ئاماژەی بە چاوەڕوانییەکانی خەڵک و پەیامەکانی هاتوو بۆ کۆنگرە کرد، کە حیزب و رێکخراو وکەسایەتییە کوردستانی، ئیرانی وخاریجی یەکان لە رێگەی پەیامەوە لە دەولەمەند کردنی باسەکانی کۆنگرە دا نەخشیان هەبووە و ئەوەی بە مانای جێکەوتوویی زیاتری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پانتایی سیاسیی ناوچە و ئێران و کوردستان دانا و پێی لەسەر ئەم راستییەش داگرتەوە کە نێوەرۆکی پەیامەکان وچاوەڕوانیی دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەک هانمان دەدا بۆ ئەوەی شانازی بە حیزبی خۆمانەوە بکەین و لە لایەکی دیکەشەوە ئەرکی قورسمان دەخاتە سەرشان کە چالاکانە کار بکەین بۆ ئەوەی بتوانین حیزبی دیموکراتی کوردستان کاراتر و بە تواناتر بکەین، هەروەها لە گۆرەپانی سیاسیی کوردستان دا جێگای هیوا وئۆمێدی خەڵکی کوردستان و دۆستان وئۆگرانی حیزب بین.

پاش قسەکانی هاوڕێ خالید عەزیزی ئەندامانی رێبەریی حیزب بە بەشداریی چالاکانەی خۆیان بەشدارییان لە هەڵسەنگاندنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆنگرەی پازدەیەم دا کرد و بەسەرنجی وردی خۆیان هەڵسەنگاندنەکەیان دەولەمەند کرد و خاڵە بەهێزو لاوازەکانی کاری کۆنگرەیان لێک دایەوە.

**نێوەرۆکی پەیامەکان وچاوەڕوانیی دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەک هانمان دەدا بۆ ئەوەی شانازی بە حیزبی خۆمانەوە بکەین و لە لایەکی دیکەشەوە ئەرکی قورسمان دەخاتە سەرشان کە چالاکانە کار بکەین بۆ ئەوەی بتوانین حیزبی دیموکراتی کوردستان کاراتر و بە تواناتر بکەین، هەروەها لە گۆرەپانی سیاسیی کوردستان دا جێگای هیوا وئۆمێدی خەڵکی کوردستان و دۆستان وئۆگرانی حیزب بین**

دووهەمین بەشی کاری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی تاوتوێکردن وهەڵسەنگاندنی گەلالەی دارشتنەوەی ئۆرگانیزمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. کۆمیتەی ناوەندی بە هیندێک دەست کارییەوە گەلالەکەی پەسەند کرد. هەروەها کۆمیتەی ناوەندی، کۆمیسیۆن وئۆرگانەکانی راسپارد هەتا کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمیتەی ناوەندی، ئاییننامەی خۆیان ئامادە بکەن وبۆ بریار لەسەر دان پێشکەشی سێهەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی بکەن.

سێهەم بەشی کاری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی هەلبژاردنی جێگرسکرتێری گشتیی حیزب بوو. کۆمیتەی ناوندی لەم بەشەی کاری خۆی دا هاوڕێ مستەفا مەولوودیی بە جێگری سکرتێری گشتیی حیزب هەلبژارد.

چوارەمین و دوا بەشی کاری دووهەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دابەشکردنی کار لە نێو ئەندامانی رێبەریی هەلبژێردراوی کۆنگرەی ١٥ی حیزب دا بوو. بۆ ئەم مەبەستە دەفتەری سیاسی پێشتر بە مەشوەرەت و هاوفکری لەگەل ئەندامانی رێبەری، گەڵاڵەی دابەش کردنی کار لە نێو هاوڕێیانی رێبەریی دا ئامادە کردبوو کە پێشکەش بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی کرد. پاش باس و وەرگرتنی تێبینی و سەرنجی هاورێیان وبەلەبەر چاوگرتنی کاری ئۆرگانەکان وتواناو ئەزموونی هاورێیان دابەشکردنی کار لە نێو ئەندامانی رێبەری دا بە پەسەندی کۆمیتەی ناوەندی گەیشت. هاورێیان بە هەست بە بەرپرسایەتیی زیاترەوە و بە گرنگیدان بەو ئەسلە کە دەبێ زۆرتر کاربکەین و زیاترخۆ ماندوو بکەین کاری تازە و بەرپرسایەتیەکەیانیان قەبوول کرد .

پێویستە بگوترێ لە بەشەجۆراوجۆرەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دا، بریار و راسپاردەکانی کۆنگرەی پازدەیەم ئاوڕیان لێ درایەوە بۆ ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە رەوتی کاری خۆی دا گرنگی و بایەخی پێویستیان پێ بدا. هەروەها لە جەریانی دووهەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دا چەند بریار و راسپاردە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە پەسەند کران وبریار درا کە بە زوویی جێ بەجێ بکرێن.

بەم جۆرە پاش چەند دانیشتن وباس وبیروراگۆرینەوەی بە سوود دووهەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی هەلبژێردراوی کۆنگرەی پانزدەهەم کۆتایی بە کارەکانی هێنا وهاورێیان بە ئیمان بە سەرکەوتن، گەرانەوە شوێنی کار و تێکۆشانی خۆیان.

**دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێموکراتی
کوردستان
٢٠ جۆزەردانی ١٣٩٠
٢٠١١/٦/١٠**

— — — — — — — — — — — — — — — —

## پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی

# سەرکەوتنی هەوپەیمانیی کوردەکان لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی تورکیەدا

**ئاماژە:**

**بە دوای سەرکەوتنی هاوپەیمانیی کوردەکان لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی ١٢ی ژوئەنی تورکیە و بە دەستهێنانی ٣٦ کورسی لە کورسییەکانی پارلمان، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە نەتەوەییەی لە پێکهێنەرانی «بەرەی رەنج، ئاشتی و دێموکراسی» کرد.**

**ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامی پیرۆزباییەکەیە:**

دۆستانی هێژا لە بەرەی رەنج، ئاشتی و دێموکراسی!

لەگەڵ سڵاو و ڕێز

لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە بۆنەی سەرکەوتنی بەرچاوتان لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی تورکیەدا گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەین. ئەم سەرکەوتنە، بێگومان بەرهەمی خەباتی سەخت و گەرموگوڕی چەندین ساڵەی گەلی کوردمانە لە باکووری کوردستان و هەموو ئازادیخواز و نیشتمانپەروەرێکی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان دڵخۆش کرد. هەبوونی کۆسپی یاسای ١٠٪ لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا، ئەم سەرکەوتنە بەرچاوەی بەرەی رەنج و ئاشتی و دێموکراسی ئەو راستییەی بۆ هەموو لایەک سەلماند کە گەلی کورد بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە لە سەر ناسنامە و مافە نەتەوەییە زەوتکراوەکانی خۆی پێداگرە و سەرەڕای ئەو هەموو تاوانە مێژووییەی کە بەرامبەری کراوە، ئامادەیە بە ڕێگایەکی ئاشتیخوازانە و دێموکراتیکدا پرسەکەی کەی چارەسەر بکا.

دۆستانی هێژا!

لەگەڵ ئەوەی ئێستا بزووتنەوەی کورد لە باکوری کوردستان لە هەموو کاتێک بەهێزترە و ئاسۆی چارەسەری پرسی کورد لەو بەشەی نیشتمانەکەماندا زۆر روون دەنوێنێ، لە هەمان کاتدا لەم قۆناخە هەستیارەدا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە گەلی کورد پێویستی بە یەکڕیزی و وشیاری هەیە. خەبات و تێکۆشانی ئێوە بە درێژایی ساڵانی رابردوو، هیوادارمان دەکا کە وشیارانە لە گەڵ ئەم بارودۆخە مامەڵە دەکەن و ئیجازە نادەن چووکترین



دەرفەتەکان لە بەردەم چارەسەری پرسی کورد لە دەستتان بڕوا.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەین و پێمان وایە ئەم سەرکەوتنە دەسپێکی سەرکەوتنی زۆر گەورەتری گەلی کوردە لە باکووری کوردستان. هەر بۆیە بە چاوی هیوا و ئومێدەوە دەڕوانینە هەنگاو و کار و تێکۆشانی داهاتووتان

**دەفتەری سیاسیی
حیزبی دیموکراتی
کوردستان
١٤/٦/٢٠١١
٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٠**

# به یادی دەنگە دلێرەکەی رادیۆی دەنگی کوردستان

## (بە بۆنەی ٢٧ی جۆرزدان، ساڵڕۆژی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستانەوە)

٣١ ساڵ لەمەوپێش، لە کاتێکدا رێژیمی کۆماری ئیسلامی شەڕێکی ماڵوێرانکەری بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندبوو، لە حاڵێکدا گەمارۆیەکی هەمەلایەنە خرابووە سەر کوردستانی راپەڕیو و بزووتنەوە هەقخوازانەکەی، لە رۆژگارێکدا کە تامەزرۆیانی ئاگاداربوون لە بارودۆخی بەربەرەکانیی قارەمانانەی پێشمەرگە هەموو دەرگاکانی زانیاری وەرگرتنیان بەڕوودا داخرابوو، بە هەوڵ و مشوورخۆریی رێبەری هەرگیز نەمری حیزبی دێموکرات شەهید دوکتۆر قاسملوو و هاوکاریی کۆمەڵێک لە دڵسۆزان لە رۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی‌دا رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دەستی بەکارکرد.

دەستبەکارکردنی ئەو رادیۆیە کە بە ئیمکاناتێکی یەکجار کەمی پێشمەرگانە، بەڵام بە ئیرادەی پتەوی شۆڕشگێرانە ببووە دەنگی هەقبێژی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر بە خێرایی لە کوردستان و سەرانسەری ئێران‌دا دەنگی دایەوە و ئاپۆرای بێوێنەی گوێگرانی لە دەورە کۆ بۆوە. ئەو دەنگە دلێر و راستوێژە لە بەرەی گەل‌دا وەک دەرووبەکی خێرو دیاری‌یەکی ئاسمانی سەیرکراو رۆژانە دووجار و دوای ماوەیەک سێ جار لە هەر ماڵێک و هەر جێگایەک دەرەتانی گوێ لێڕاگرتنی هەبوو، کۆڕی ئاشقانی ئازادی و تامەزرۆیانی بیستنی راستیی لە دەوری رادیۆ تەرانزیستۆرییەکان هاڵاند. بەڵام لەبەرەی دوژمنانی گەل‌دا کە هەموو هەوڵیان ئەوەبوو دەنگی خەڵکی مافخوازی کوردستان کپ بکەن و بەردەوام لە دەزگا تەبلیغاتییەکانیانەوە بۆ رووخانی ورەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران درۆو دەلەسەیان لەبارەی شکستی پێشمەرگە و سەرکەوتنە خەیاڵییەکانی بەناو لەشکریانی ئیسلامەوە بڵاو دەکردەوە، بەلایەکی ئاسمانی بوو کە خەونەکانی پووچەڵ دەکردنەوە و نەخشەکانیانی دەکردە بڵقی سەرئاو.

زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین لە ماوەیەکی یەکجار کورت‌دا و لەو شوێنانەی کوردستان و سەرانسەری ئێران کە دەنگی دەبیسرا، رادیۆی دەنگی کوردستان زۆرترین گوێگر و ئۆگری پەیدا کرد و دەگەڵ هەموو کەند و کۆسپەکانی سەر رێگای نامە گۆڕینەوە زۆرترین پێوەندیی دەگەڵ رێبوارانی رێگای رزگاری دامەزراند. هەروەک زۆر جار دەگوترا، بە راستی رادیۆ کوردستان کادرێکی لێوەشاوەی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد بوو کە رۆژانە سێ جار سەری بە هەموو ماڵێکدا دەکرد و لە لایەن هەموو دڵسۆزێکی کورد و هەموو دۆستانی کورد و ئۆگرانی ئازادی و دادپەروەری لە ئێران‌دا بە گەرمی پێشوازیی لێ‌دەکرا.



پێشکەوتنی کەرەسەکانی راگەیاندن و پەیدابوونی تەلەڤیزیۆنی لۆکاڵ و ئاسمانی و ئەنتەرنێت لە دەورانی ئێستامان‌دا نەخشی رادیۆی دەنگی کوردستان و بە گشتی هەموو دەزگاکانی راگەیاندنی نووسراو و بیسراوی کەمڕەنگ کردۆتەوە. بەڵام بەو حاڵە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەتا هەتایە قەرزداری نەخشی پڕباری رادیۆی دەنگی کوردستانە و شۆڕشگێرانی کورد هەرگیز خزمەتەکانی ئەو رادیۆیە و زەحمەت و فیداکاریی کارگێڕانی رادیۆ هەر لە نووسەر و وەرگێڕ و بێژەر و کادری فەننی‌یەوە بگرە هەتا بەشی تەداروکات و پێشمەرگەی پارێزەری رادیۆ لەبیر ناکەن.

لە ماوەی ٣١ ساڵ کاری رادیۆی دەنگی کوردستان‌دا بەسەدان کەس لە دامەزراندن و بەڕێوەبردن و پاراستنی‌دا خزمەتیان کردوە و ئەرکیان وەئەستۆ گرتوە کە یادکردنەوەی هەموویان لەم دەرفەتە کورتەدا دەرەتانی نیە. بەڵام بەجێیە بە ئەمەگناسی و پێزانینەوە یادێک لە نەخشی یەکجار کاریگەری چەند کەسێک بکەینەوە: پێش هەموان رێبەری شەهید دوکتۆر قاسملوو کە هەم خاوەنی بیرۆکەی وەڕێخستنی رادیۆ بوو، هەم هەوڵێکی یەکجار زۆری بۆ وەڕێخستن و بەردەوامی و پێشخستنی دا. ئەمجار دووەم رێبەری شەهیدمان دوکتور شەرەفکەندی کە دەکرێ بڵێین ئاشقی رادیۆ بوو و تەواوی توانای خۆی لەسەر بەرەوپێشبردنی دانابوو. دواتر موهەندیس رەزا خەیاتی کە بە ئیمکاناتێکی زۆر کەم و بە هەوڵێکی بێ ماندووبوون رادیۆی هەم وەڕێ‌خست و هەم بەردەوامیەکەی دەستەبەرکرد. ئەمجار شەهید سەید رەسووڵی بابی گەورە کە دەکرێ بڵێین هەوڵ و هەڵسووڕانی دڵسۆزانەی لە وەڕێخستنی سەرەتای کاری رادیۆدا نەخشێکی کارسازی هەبوو.



هەروەک گوترا ئەوانەی بەجۆرێک لە بەڕێوەبردنی رادیۆ دەنگی کوردستان‌دا بەشداربوون یەکجار زۆرن کە بەشێکیان شەهیدبوون و بەشێکیان کاری دیکەیان وەرگرتوە و بەشێکیان ئێستاش لەسەر خزمەتەکانیان لەوبەشەدا بەردەوامن. لێرەدا سوپاس و رێزمان پێشکەشی هەمووی ئەوانە دەکەین کە بەهەر جۆرێک لەو خزمەتە پیرۆزە شۆڕشگێڕانەیەدا نەخشیان گێڕاوە. روحی شەهیدەکان شاد و یادی زیندووەکان بەخێر و سەرکەوتن بۆ پێرسۆنێلی ئێستای رادیۆ.

**به راستی رادیۆ کوردستان کادرێکی لێوەشاوەی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد بوو کە رۆژانە سێ جار سەری بە هەموو ماڵێکدا دەکرد و لە لایەن هەموو دڵسۆزێکی کورد و هەموو دۆستانی کورد و ئۆگرانی ئازادی و دادپەروەری لە ئێراندا بە گەرمی پێشوازیی لێ‌دەکرا**

بەبۆنەی سی‌و یەکەمین ساڵیادی دامەزرانی رادیۆوە پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان بە گشتی و بە تایبەتی لە کارگێڕانی رادیۆ دەکەین و بە ئاواتی وەدیهاتنی ئاواتەکانیان.

---

# حیزبی دیموکراتی کوردستان داوای ئازادکردنی سەید ئەمیر سەررووتی لە دەوڵەتی بولغارستان دەکا

بە شوێن بڵاو بوونەوەی هەواڵی دەستبەسەرکرانی پەنابەری سیاسیی کورد،سەید ئەمیر سەررووتی لە لایەن وڵاتی بولغارستانەوە و بەرەورووبوونی لە گەڵ هەڕەشەی تەحویلدرانەوە بە رێژیمی ئێران،هەوڵەکان بۆ رزگارکردنی گیانی ئەو پەنابەرە سیاسییە کوردە،پەرەیان گرتووە. هاوکات لە گەڵ وەڕێکەوتنی کەمپەین بۆ رزگار کردنی گیانی ئەو پەنابەرە کوردە، نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان،لە ریگای جۆراوجۆرەوە،کار بۆ رزگارکردنی ئەو چالاکە سیاسییە کوردە لە مەترسی و هەڕەشەی تەحویلدرانەوە بە رێژیمی ئێران دەکەن. هەر لەم پێوەندییە دا، بەڕێز مستەفا شەڵماشی،ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وبەرپرسی پێوەندییە نێو نه ته و ه ییه کا ن ، نا مه یه کی بۆ بەرپرسانی حکوومەتی بولغارستان،رەوانە کردوە و وێنەی ئەو نامەیەش بۆ چەند رێکخراوی مرۆڤدۆست،ناردراوە. دەقی نامەکە بەم جۆرەیە:

**بەڕێزان!**

**بەرپرسانی حکوومەتی کۆماری بولغارستان!**

**وێنەبۆ:**

**شووڕای مافی مرۆڤی ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!**

**ڕێکخراوی پەنابەرانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!**

**ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ!**

وەک ئاگادار بووین ئاغای ئەمیر سەررووتی، ناوی باوک نوورەدین، لە دایکبووی ١٩٧٥/٩/٢٣، لە وڵاتی ئێوە زیندانی کراوە و هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکرێ کە تەحویلی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدرێتەوە. بۆ ئاگاداریتان ئەو کەسە زیاتر لە پازدە ساڵ لە ڕیزەکانی حیزبی ئێمە دا چالاک بووە، وەک چالاکێکی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناسراوە و لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە تاقیب دەکرێ و بێشک لە حاڵەتی ناردنەوەدا بۆ ئێران گیانی لەخەتەر دایە.

ئەو کەسە کە پەنابەرێکی سیاسییە، ئێستا لە وڵاتی ئێوەیە. بەپێی هەموو رێککەوتنە نێونەتەوەییەکانی پەیوەندیدار بەمافی مرۆڤ و مافی پەنابەری، بەرپرسایەتیی پاراستنی گیانی ئەو پەنابەرە سیاسییە دەکەوێتەسەر شانی وڵاتی ئێوە. ناردنەوەی کەسێکی ئاوا بۆ ژێردەسەڵاتی ڕێژیمێکی جینایەتکاری وەک کۆماری ئیسلامی بەهیچ شێوەیەک لەشەئنی وڵاتێکی ئازاد و دێموکڕاتیکی وەک ئێوەدا نییە.



بۆیە زۆر بەجیددی داواتان لێ دەکەین کە هەرچی زووتر ئەو پەنابەرە سیاسییە ئازاد بکەن و ئیمکان و ڕێگای ژیانێکی ئازاد و بێ خەتەری پێ بدەن، کە سەرەتاییترین مافی ئینسانی و سیاسیی ئەوە.

به پەرۆشەوە چاوەڕوانی وەڵامی ئەرێنیی ئێوەی بەڕێزین پێشەکی سوپاسی هاوکاریتان دەکەین

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**بۆرۆی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان**

**ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بەرپرسی بورۆی پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکان**
**مستەفا شڵماشی**
**١٥ –٠٦ –٢٠١١**

# هەڵبژاردەیەک لە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پازدەیەم

(بەشی یەکەم)

## سیاسەتی جیهانی

...وەرددانەوەی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەنێوان دوو کۆنگرەی چاردە و پازدەی حیزبەکەماندا لە سیاسەتی جیهانیدا هاتوونە پێش لە مەبەست و دەرەتانی ئەم ڕاپۆرتە سیاسییە بەدوور و بەدەرە. هەربۆیە ئاماژەکان لەو پێوەندییەدا بۆ چەند بوارێک تەرخان دەکەین کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەتوانن شوێنەوار لەسەر بارودۆخی خەباتی گەلەکەشمان دابنێن، یان بەهۆی پێوەندی و بایەخی جەوهەرییان پێویستە حیزبی ئێمە لە ڕوانگە و هەڵوێستەکانی خۆیدا جێگایان بۆ بکاتەوە.

### قووڵبوونەوەی گۆڕانی ساختاری لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

ئەوەی ئەمڕۆ لە بواری مامەڵەی نێونەتەوەیی لەگەڵ کێشە و دیاردەکاندا دەبینرێ لەلایەک ئاڵۆزی و پەرش و بڵاوی و لامەرکەزی لەو مامەڵەیەدا و لەلایەکی دیکەش هەوڵی بێوچان بۆ پێکهێنانی لانیکەمێک لە سەنتەرسازی و نەزم و هەماهەنگی لەو پێوەندییەدایە.

...لە یەک کەلامدا جیهانی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆزتر لە جاران دابەش بووە. بەڵام هەر لەو کاتەدا وشیاری و پۆتانسیەلی یەکدەنگی و هاوهەنگاویی لە جاران بەهێزترە. پەسند کرانی کۆمەڵێک بڕیار و پرەنسیپی هاوبەش لەم چەند ساڵەی دواییدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێندێک پرس و کێشەی سنوور بەزێن و جیهانگیری وەک ئەو قەیرانە دارایییە کەموێنەیەی ئابووری جیهانی شل کردەوە و پێویستیی ئەکتیڤ کردنەوەی نەخشی دەوڵەت لە ئابووریدا تەنانەت بە دەوڵەتانی هەرە لایەنگری بازاڕی ئازادیش سەلماندەوە؛ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی تازە و بەنێوەرۆک سەبارەت بەو هەنگاوانەی پێویستە لەپێوەندی لەگەڵ گۆڕانی کەش و هەوادا هەڵبگیرێنەوە، هەروەها بڕیار و ڕاوێژی بنیاتنەر لەسەر زۆر پرسی تری وەک تێرۆریزم، گەشەکردنی پایەدار، ئەمنیەتی خۆراکی، قەیرانی وزە، ... هتد، هەمووی ئەو ڕاستییە دەگەیەنێ کە ئەمڕۆ ئیدی مەودا و درزی نێوان نەزمی نێوخۆیی وڵاتان و نەزمی جیهانی لە کاڵبوونەوەدایە. جگە لەوە، پەرە گرتنی نەخشی (چ باش چ خراپی) ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا و بارستایی بیروڕای گشتی بەتایبەت لە سایەی تەکنۆلۆژیی گەیاندن و ڕاگەیاندن (بۆ وێنە لەقاودانەکانی ویکیلیکس کە ڕوخسارە شاراوەکانی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیی دەرخست)، لە هەڵسەنگاندنی کۆتاییدا بە مانای ئەوەیە کە دەوڵەتان چیدیکە ئەکتەری بێلامونازعی سیاسەتی جیهانی نین.

حیزبی ئێمە لە دەلاقەی بەرتەسکی سنووربەندییە ئیدئۆلۆژییەکانەوە بۆ بارودۆخی نێونەتەوەیی ناڕوانێ و تێدەکۆشێ تا ئەو جێگایەی دەکرێ بە پراگماتیسمەوە پۆتانسیەلەکانی ئاڵوگۆڕ لە دنیای دەرەوەدا بە قازانجی بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەلەکەمان هەڵسەنگێنێ. شتێکی کە پێویستە جەختی لەسەر بکەین ئەوەیە کە ئێمە وەک بەشێک لە بزووتنەوەیەکی خوازیاری دێموکڕاسی، ئەوە لە بەرژەوەندیی جێگیر بوون و قووڵبوونەوەی ئازادی و دێموکڕاسیدا دەبینین کە سیاسەتی جیهانی بە ئاقارێکی فرەیی پەسند بەڵام نەهادگەرادا بڕوا کە ببێتە مایەی بەرتەسک بوونەوەی مەیدانی مانۆڕی یەکلایەنە و بێپەروایانەی دەوڵەتان لە هەردوو ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا، چونکە لەو باوەڕەداین هەتا زیاتر دەوڵەتان ناچار بن لە چوارچێوەی قانوونمەندیی نێونەتەوەییدا بەرپرسیار بکرێن، ڕەفتاری نێوخۆیی وان لە بواری ڕێزگرتن لە ویستی خەڵک و باشحوکمڕانیدا وڵامدەرەتر دەبێ.

### دۆسیەکانی پێوەندیدار بە ئەمنییەتی نێونەتەوەیی

یەکێک لەو بەستێنانەی لە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو هاودەنگی و هاوهەنگاوییەکی باشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتی زلهێزەکانی بەخۆیەوە دیوە، ئەمنییەتی جیهانییە. لایەنێکی گرینگی ئەم مەسەلەیە ڕەوتی داماڵینی چەکە کۆمەڵکوژەکان بەتایبەتی چەکی ناوکییە کە زیاتر لە دوو دەهەیە هەردوو زلهێزی پێشتر نەیاری یەکتر واتە ئەمریکا و ڕوسیەی گەیاندۆتەوە یەک. پەسند کرانی پەیمانێکی نوێ لەم دواییانەدا بە مەبەستی کەمکردنەوەی جبەخانە ناوکییەکانی ئەم دوو وڵاتە تازەترین ئەڵقەی زنجیرە هەوڵی سیاسی و قانوونی لەو پێوەندییەدایە کە دەبێ وەک درێژەی ڕەوتێکی هەرچەند ناکافی بەڵام گرینگ و هیوابەخش بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی لە قەڵەم بدرێ. لێک نزیکبوونەوەی ڕوسیە و ڕۆژئاوا کە تەنانەت بۆتە هۆی ئەوە کە ڕوسیە بەشداری لە پرۆژە دیفاعییەکانی ناتۆشدا تاوتوێ بکا، مادام لە گرژیی نێوان ئەم جەمسەرانە کەم دەکاتەوە، بۆ ئاشتیی جیهانی شتێکی موسبەتە بە مەرجێک ئەم هاوپێوەندی و هاریکارییە و هاوپێوەندی و هاریکارییەکانی دیکەی لەم چەشنە لەسەر حیسابی مافی گەلانی ناوچەی ژێر نفووزی سوننەتیی ئەم دەوڵەتانە ئەنجام نەدرێن.

...بوارێکی دیکەی ئاسایشی جیهانی خەبات بە دژی تێرۆریزم و بەتایبەتی ئەو جۆرە لە توندوتیژیی کوێرە کە لەسەر بەستەری بنیاتگەرایی ئیسلامی دروست بووە و لەم چەند ساڵەی دواییدا بەشێوەیەکی پێشتر نەدیتراو بەرۆکی مرۆڤایەتیی گرتووە. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و هیممەتەی لە دە ساڵی ڕابردوودا بە دژی ئەم دیاردەیە لەسەر ئاستی جیهانی دراوە، هێزی زەربەوەشاندنی ئەم جۆرە لە تێرۆریزم کەم و زۆر وەک خۆی ماوە و تەنانەت چاودێران و دەبیرخانە ڕەسمییە دەوڵەتییەکانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە بە کوژرانی ئوسامە بن لادن ڕێبەری ئەلقاعیدەش هەر نەبێ لە کورتخایەندا شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕدرێ. لەو بارەوە ئێمە قەناعەتی خۆمان دووپات دەکەینەوە کە شەڕ بەدژی تێرۆریزم لەو شەڕانە نیە کە تەنیا بە لۆژیکی نیزامی ببردرێتەوە. بەربەرەکانیی

> **شتێکی کە پێویستە جەختی لەسەر بکەین ئەوەیە کە ئێمە وەک بەشێک لە بزووتنەوەیەکی خوازیاری دێموکڕاسی، ئەوە لە بەرژەوەندیی جێگیر بوون و قووڵبوونەوەی ئازادی و دێموکڕاسیدا دەبینین کە سیاسەتی جیهانی بە ئاقارێکی فرەیی پەسند بەڵام نەهادگەرادا بڕوا کە ببێتە مایەی بەرتەسک بوونەوەی مەیدانی مانۆڕی یەکلایەنە و بێپەروایانەی دەوڵەتان لە هەردوو ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا، چونکە لەو باوەڕەداین هەتا زیاتر دەوڵەتان ناچار بن لە چوارچێوەی قانوونمەندیی نێونەتەوەییدا**

کاریگەری ئەو بەڵایە بەستراوەتەوە بە دەرکی دروستی ڕیشە مێژوویی و فەرهەنگییەکانی و وردبوونەوە لە هۆکارە دوور و نزیکەکانی لە سیاسەتی جیهانی و مامەڵەی نێوان گەلان و دەوڵەتاندا. ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی وڵاتانی عەرەبی دەریان خست کە گوتاری بنیاتگەرا لەو سەرزەمینانەدا کە بەهۆی هەبوونی ڕێژیمە بە ڕواڵەت سێکولار و لە ناخدا گەندەڵ و سەرەڕۆکان دەکرا سەرزەمینێکی بەپیت بۆ هەڵدانی توندڕەوی و سەلەفییەت بن، ئەو بەرهەمەی نەبووە کە بنیاتگەراکان ساڵەهایە سەرمایەگوزاریی لەسەر دەکەن. سەرنەکەوتنی سیاسیی تێرۆریزمی بنیاتگەرا دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەت ڕۆژئاوا هان بدا هەتا بە دیتنێکی ستراتژیکەوە و لە ڕێگای بەرنامەیەکی ورد و پشوودرێژەوە کە بێگومان پێویستی بە پازدان بەسەر کۆمەڵێک بەرژەوەندیی کاتییشدا دەبێ، ئەنگیزەکانی ڕاکێشرانی لاوان بۆ لای گرووپە تێرۆریستییەکان لەنێو بەرێ. پێشخستنی ژێرخانی ئابووری و فەرهەنگیی کۆمەڵگاکان و گەشەکردنی مرۆیی ئەو کۆمەڵگایانە، مامەڵەی دروست لەگەڵ غروور و ئیرادەی گەلانی ناوچە و حەساسیەتەکانیان، پەرەپێدانی دیالۆگ و دۆستایەتیی نێوان کەلتوور و باوەڕەکان، یارمەتیدان بە کرانەوەی سیاسی و فەرهەنگیی وڵاتان، چاکسازیی حکومەتی و دابەشکردنەوەی عادڵانەی سەروەت و سامانەکان، ... هتد دەتوانن لە ڕێکارەکانی پلانێکی لەم چەشنە بن.

### کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و خەباتی گەلان بۆ ڕزگاری و دێموکڕاسی و مافی مرۆڤ

لە سێ ساڵی ڕابردوودا لە زۆر شوێنی دەرەوەی بازنەی ناوچەی ئێمە بەتایبەتی لە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا شاهیدی سەرهەڵدان یا درێژەکێشانی کۆمەڵێک کێشە و ململانێی پێوەندیدار بە دێموکڕاسی و مافی مرۆڤ بووین. وەک دواتر باسی دەکەین ئەو خەباتە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتی خۆشماندا لەو ماوەیەدا پێی نایە قۆناغێکی پڕ گوڕ و تین و پێشتر نەدیتراو. تێڕامان لە وردەکاریی شەپۆلە هاوچەرخەکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی لە جیهاندا، بەردەوامی و هەمەلاگیربوونی ویستی ئازادی و دێموکڕاسی و کەمبوونەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ژمارەی دیکتاتۆرەکان و هەر لەو کاتەدا پڕ هەوراز و نشێو و پڕ هەزینە بوونی ڕێگای گەیشتن بە ئازادی و دێموکڕاسیمان بۆ دەردەخا.

...تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر مامەڵەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ویستی گەلان بۆ جێگیرکردنی دێموکڕاسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، لەو ماوەیەدا پرۆسەی چاوەدێری و لێپرسینەوەی نێونەتەوەیی چ لە ڕێگای ڕێوشوێنە حقووقییەکان و چ لە کەناڵە سیاسییەکانەوە پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕی موسبەتی بەخۆیەوە دیوە. هۆکاری ئەم گۆڕانە موسبەتە دەست وەدەست یەکدانی کۆمەڵێک فاکتەری کاتی بێ یان قەناعەتی جێکەوتووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ تێپەڕینی بەکردەوە لە دیواری سەروەریی دەوڵەتان بەمەبەستی دیفاع لە چارەنووسی خەڵک، حاشای لێ ناکرێ کە لەو ماوەیەدا مافی مرۆڤ جێگە و پێگەیەکی شیاوتر لە ڕابردووی لە وتار و ئاجێندای سیاسەتی جیهانیدا پەیدا کردووە. لە ئاستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەم ریفۆرمی دەزگای سەرەکیی ئەم ڕێکخراوە بۆ چاوەدێریی وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە وڵاتاندا (واتە شووڕای مافی مرۆڤ) بە تەریک کردنەوەی دەوڵەتانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ و سەرکەوتنی لە هەڵێنانەوەی هێندێک هەنگاوی کۆنکرێت (وەک دیاریکردنی ڕاپۆرتۆرێکی تایبەتی بۆ ئێران) کارایییەکی زیاتری لە خۆی نیشان داوە؛ هەم نیهادە سیاسییەکان و بەتایبەتی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ یەکەمجار لە مێژووی کاری خۆیدا لە کێشەیەکی بە ڕواڵەت نێوخۆیی وڵاتێکدا (لیبی) و تەنیا لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ و بۆ کۆتایی هێنان بە سەرکوتی خەڵک مجەوزی دانانی ناوچەی دژەفڕین و دەستێوەردانی نیزامی پەسند کرد. لە ئاستی زلهێزەکان و ڕێکخراوە هەرێمییەکانیشدا ئەو کۆمەڵە هەنگاوە کە ئەمریکا و یەکیەتیی ئەورووپا سەربارەی گەمارۆ پەسند کراوەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بە مەبەستی بە ئامانج گرتنی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گرتوویانەتە بەر بەبێشک مایەی پەسند و شیاوی قووڵکردنەوەن. بەتایبەت کە ئەزموونی پێشووی دەستێوەردان لە عیراق و ئەزموونی تازەی دەستێوەردان لە لیبی وا دیارە ڕۆژئاوا بەرەو ئەوە دەبا کە لەپێوەندی لەگەڵ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا (چ کێشە ئەمنیەتییەکان و چ کێشەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ و دێموکڕاسی) لەنێوان سیاسەتی «هەڵۆکان»ی سەردەمی جۆرج بووش لەلایەک و لەلایەکی دیکە ئەو نەرم و نیانییەی دەوڵەتانی پێشێلکاری ناوچە بە هاتنەسەرکاری باراک ئۆباما دڵیان پێ خۆش کردبوو، ڕێگایەکی سێهەم کە دەتوانێ زۆر مێتۆد و ڕێکاری عەمەلی بگرێتە خۆی، بدۆزێتەوە.

بوارێکی دیکە لەو ئاڵوگۆڕانەی لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا ڕوویان داوە و بۆ خەباتی میللەتی ئێمە گرینگیی هەیە، بە سەربەخۆیی گەیشتنی هەردوو گەلی کۆسۆڤۆ و باشووری سوودانە. ڕاستە بەستێنی مێژوویی و پارامێترە حقووقی و سیاسییەکانی هەر کام لەو کەیسانە هەم لە چاو یەکتر و هەم لە چاو کەیسەکانی دیکە و یەک لەوان مەسەلەی کورد جیاوازن. گومانیشی تێدا نیە کە فاکتەرە سیاسییەکان (کە زۆر بەستراوە بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانن) هەروا ناعەدالەتی لەپێوەندی لەگەڵ جێبەجێکردنی مافی گەلاندا دەهێڵنەوە. بەڵام هەمووی ئەمانە لەو لایەنەوە پێکەوە گرێدراون کە هەرچی زیاتر یارمەتی بە شکاندنی ئەو بەستاڵەکە حقووقییە دەکەن کە لەپاش ڕەوتی ڕزگاریی گەلان لە ئیستعمار لە یاسای نێونەتەوەییدا لەپێوەندی لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلاندا چەسپابوو. ئەم شەپۆلە نوێیە لە سەربەخۆیی گەلانی ژێردەستە نیشاندەری ئامادەیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ پەڕینەوە لە بەربەستی تەواوەتیی ئەرزی لەو حاڵەتانەدایە کە پرۆسەی پێکەوە مانەوەی دوو یا چەند گەلی وڵاتێک هیچ داهاتوویەکی نەماوە و نوخبەکانی گەلی زوڵملێکراویش یەکگرتووانە و ژیرانە ئیرادە و توانای خۆیان بۆ خۆبەڕێوەبردنی سەربەستانە بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سەلماندووە. گەیشتنی گەلانی دیکە بە فۆڕمی هەرە پێشکەوتووی دیاریکردنی چارەنووس واتە سەربەخۆیی دەبێ بۆ ئەو گەلانەش کە بۆ کەمتر لە سەربەخۆیی خەبات دەکەن وەک هەوێنێک بۆ دەوڵەمەند کردنەوەی هەقانییەتی سیاسی و حقووقیی خەباتەکەیان و لە ئەنجامدا پەرەگرتنەوەی لێبڕاوی و باوەڕبەخۆ بوونیان بەکار ببرێ.

## ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

### ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی وڵاتانی عەرەبی

ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕانەی چەند مانگە لە بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی عەرەبی دا لە ئارادان، دەکرێ بە یەکێک لە گرینگترین گەشەسەندنەکانی مێژووی نوێی ئەم ناوچەیە لە قەڵەم بدرێن. بەهۆی ئەوەش کە لانیکەم بەشێک لە کوردستان (ڕۆژئاوای کوردستان) لە جەرگەی ئەم ئاڵوگۆڕانەدایە، ئەم ڕەوتە دەتوانێ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کورد هەبێ. ئەم ئاڵوگۆڕانەی وڵاتانی عەرەبی بێگومان ئەگەر نەبنە هۆی گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان لە جیهاندا، لانیکەم دەبنە هۆی گۆڕانی هاوکێشەکانی ناوچە و دۆخی مەوجوود، دۆخێک کە ( ئەگەر مەسەلەی عێراقی لێ دەرچێ) تا ئێستا کورد دەسکەتێکی تێدا وەدەست نەهێناوە.

سەرکەوتنی شۆڕش لە میسر و تونس و ڕاپەڕینی خەڵکی وڵاتانی دیکەی عەرەبی بەتایبەتی یەمەن

ل ٨

# چارەسەری پرسی کورد لە دەست BDP و AKPدا

**سامان فەقێ نەبی**

**وەرگێڕان بۆ کوردی تەهارەحیمی**

**پێشەکی:**

هەڵبژاردنی پارلمانی تورکیە کۆتایی پێ هات و پێکهاتەی نوێی کورسییەکانی پارلمان نیشاندەری دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەم وڵاتە دان. پارتی ئیسلامگەرای داد و گەشە دیسان توانیی نزیک بە نیوەی دەنگی بەشدارانی هەڵبژاردن وەدەست بێنێ و بەرەی ئەمەگ، دێموکراسی و ئازادییش کە لەلایەن پارتە کوردییەکانی وەک -AKP، BDP HAK و KADEەوە پشتیوانی دەکرا توانی زیاتر لە نیوەی پاڵێوراوەکانی لە ناوچە کوردنشینەکان ڕەوانەی پارلەمان بکا.

پارتی چەپ( CHP)ەش توانی لە سەراسەری تورکیە دا دەنگەکانی زیاد بکا، بەڵام پارتی نەتەوەخوازی MHP تەنانەت ژمارەی کورسییەکانی پێشووشی بۆ نەپاراسترا.

هەوڵدەدەین لەم کورتە وتارەدا بارودۆخی ١٣ پارێزگای کوردنشین و داهاتووی پێوەندییەکانی BDP و AKP بخەینە بەرباس:

**تاوتوێی ئاکامەکانی هەڵبژاردن لە باکووری کوردستان:**

کوردەکان نزیک بە ١٨ لە سەدەی حەشیمەتی تورکیە پێک دێنن و زۆربەیان دانیشتووی ١٣ پارێزگان و بە پێی ئەم ڕێژە حەشیمەتەیان ڕادەی نوێنەرانی ناوچە کوردنشینەکان لە پارلەمانی تورکیە دەبێ ١٠٠ کەس بێ. بەرەی ئەمەگ، دێموکراسی و ئازادی لەم هەڵبژاردنانەدا توانی ٣٦ کورسی وەدەست بێنێ ( یەک لە سێی هەموو دەنگەکانی ناوچە کوردنشینەکان) و لە شەش پارێزگای حەکاری، شێرناخ، باتمان، وان، دیاربەکر و ماردین دا زۆربەی هەرە زۆری دەنگەکان بە دەست بێنێ و کەسایەتییە ناودارەکانی وەک لەیلا زانا و ئامینە ئاینا لە دیاربەکر، حەبیب کاپلان لە شێرناخ، سەلاحەدین دەمیرتاش لە حەکاری، ئەحمەد تورک لە ماردین، گوڵشەن کشاناک لە سیرت و ئایسەر توغلوک لە وان بنێرێتە پارلەمان. پێویستە بوترێ BDP لە خولی پێشووی پارلەمان دا ٢١ نوێنەری هەبوو، بەڵام لەم خولەدا بەرەی ئەمەگ، دێموکراسی و ئازادی ٣٦ نوێنەری ڕەوانەی پارلەمان کردوە.

لە پارێزگاکانی بتلیس، موش، ئاگری، سیرت، بینگول و ئورفا پارتی ئیسلامگەرای AKP وەپێش بەرەی ئەمەگ، دێموکراسی و ئازادی کەوت و زۆربەی دەنگەکانی ئەم شەش پارێزگایەی دەست خست.

دیارە دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە لە پارێزگای کوردنشینی دەرسیم کە یەکێک لە ناوچە هەستیارو قەیران خوڵقێنەکانی باکووری کوردستانە، پارتی چەپگەرای CHP بە سەرۆکایەتیی کەماڵ کلیچدار ئۆغلو وەپێش بەرەی ئەمەگ، دێموکراسی و ئازادی کەوت. (دیارە سەرۆکی ئەم پارتە واتە CHP خەڵکی دەرسیمە و ئەو بابەتە بوو بە هۆی ئەوەیکە زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچە دەنگی پی بدەن.)

لە پارێزگا کوردنشینەکان دا بەرەی ئەمەگ، دێموکراسی و ئازادی تەنیا لە پارێزگای حەکاری دا توانی زۆربەی ڕەهای دەنگ بۆ خۆی بەرێتەوەو پارتەکانی دیکەی وەک CHP ،AKP لەو پارێزگا سنوورییە هیچ سەرکەوتنیان نەبوو.

نابێ ئەوەشمان لەبەر چاو نەبێ کە ئەگەر قانوونی ڕێژەی ١٠٪ لە یاسای بنەڕەتی دا بۆ هەر قەوارەیەکی سیاسی لە بەرچاو نەگیرابایە، ئەوکات BDP، بە پێی ئەو دەنگانەی هێناویەتەوە ٤٥ کورسی پارلەمانی بە دەست دەهێنا. بۆ وێنە لە پارێزگای دیاربەکر بەرەی ئەمەگ، دێموکراسی و ئاشتی لە سەدا شەست و دووی دەنگەکانی وەدەست هێناو AKPش ٣٤٪، بەڵام بە هۆی ئەم یاسایەوە AKP لە ١١ نوێنەری ئەو شارە پێنجیانی بۆخۆی مسۆگەر کردو ئەگەر ئەم یاسای ڕێژەی ١٠٪ نەبایە، بەرەی ئەمەگ، دێموکراسی و ئاشتی حەوت نوێنەری لەم پارێزگایە دەست کەوتبوو.

**داهاتووی پێوەندییەکانی BDP و AKP:**

یەکێک لە سەرەکیترین بەڵێنیەکانی پارتی ئیسلامگەرای AKP و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکاندا درێژەدان بە چاکسازی و پێکهێنانی گۆڕانکاری لە یاسای بنەڕەتیی تورکیە دابوو. بەڵام گۆڕینی یاسای بنەڕەتی لە پارلەمان دا ٣٦٠ دەنگی ئەرێ دەخوازێ و ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەمجارە AKP تەنیا ٣٢٦ نوێنەری لە پارلەمانە کە ئەمەش بەو واتایەیە کە AKP پێویستی بە پشتیوانی ٣٤ دەنگی دیکەی نوێنەرانی پارلەمان هەیە و لە نێو پارتەکانی نێو پارلەمانیش دا ئەوە تەنیا BDP کە دەگەڵ گۆڕانی بنەڕەتی دا هەیە.

پارتی نەتەوەخوازی MHP پارتێکی کۆنسێرڤاتیڤ و نەریتییە و بە دڵنیاییەوە قەت دەگەڵ ئاڵوگۆڕی دێموکراتیک لە یاسای بنەڕەتی دا نییە. پارتی چەپ (CHP)یش کە خۆی بە میراتگری ئامۆژگارییەکانی مستەفا کەماڵ ئاتاتورک دەزانێ، زۆری حەز لە گۆڕینی یاسای بنەڕەتی نییە. کە واتە تەنیا دەمێنێتەوە هاوپەیمانی کردن دەگەڵ BDP و لە بەر چاوگرتنی داخوازییەکانی ئەو پارتە لە ڕەوتی گۆڕینی یاسای بنەڕەتی تورکیەدا و کە ئەمە خۆی بێ گومان یارمەتییەکی زۆر بە چارەسەری پرسی کورد لە باکووری کوردستان و گەیشتنی گەلی کورد لەو پارچەیە بە داواکانیان و دەست پێکردنی دانوستانی بنیاتنەر لە نێوان دەوڵەت و PKK و بەتایبەت عەبدوڵڵا ئوجەلان دەکا.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە پێچەوانەی لێدوانەکانی مانگێک لەمەوبەری کە زیاتر پروپاگەندەی هەڵبژاردن بوون، لە یەکەمین لێدوانی دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا ڕاوێژی نەرمتر بۆوە و باسی لە پێویستیی پێکهێنانی کەشی ئاشتییانە و دیالۆگ لە نێوان هەموو پارت و هاووڵاتییانی تورکیە کردو بەمجۆرە وێدەچێ چارەسەری پرسی کورد بە شێوەیەکی ئاشیخوازانە یەکێک لە پێویستییە سەرەتاییەکانی پارلەمانی داهاتووی تورکیە بێ.

---

**درێژەی:**

# هەڵبژاردەیەک لە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پازدەیەم

**(بەشی یەکەم)**

و لیبی و سووریە، ئاکامی دەست وەدەستی یەکدان و کەڵەکەبوونی کۆمەڵە هۆکارێکی سەرەکین، وەک دیکتاتۆریی چەندین ساڵەی فەردی و تاک حیزبی، زەوت کردنی ئازادییە دێموکراتییەکان، حاشا کردن لە فرە چەشنییەکانی نێو کۆمەڵگا لەڕووی سیاسی و کەلتووری و کۆمەڵایەتییەوە، بەشدار نەکردنی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتانە لە پرۆسەی بەشداریی سیاسیدا، بێکاری و هەژاریی زۆربەی چین و توێژەکانی خەڵک، دابەشکردنی نادادپەروەرانەی داهات و سامانی ئەم وڵاتانە، گەندەڵیی ماڵی و قۆرغکردنی بازاڕ و سەرمایەکان، فەسادی ئیداری و وڵامدەرنەبوونی دەزگای بەڕێوەبەریی وڵات لە بەرامبەر پێویستییە خزمەتگوزارییەکانی خەڵکدا، ... هتد. ئەو ڕووداوانە ڕاست لەو بارەیەوە بۆ ئێمە گرنگن کە ئەم تایبەتمەندییانە لە سیستمی سیاسیی ئێستای ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییشدا بەدی دەکرێن و تەنانەت لە هێندێک بارەوە هەلومەرجی ئێران لەچاو وڵاتانی عەرەبی خراپتریشە.

...لە ڕوانگەی ئێمەوە خاڵی هاوبەشی هەموو ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی ئەوەیە کە ئەو ڕاپەڕینانە لەدژی ئەو فەرمانڕەوایانە وەڕێ کەوتوون کە دەیان ساڵە بۆخۆیان و بنەماڵەکانیان دەسەڵاتیان قەبزە کردووە و ڕێگەیان نەداوە دەسەڵات دەستاودەست بکا. شتێک کە بەپێچەوانەی پرەنسیپەکانی دێموکراسی و ئیرادەی بەردەوامی خەڵکە. جگە لەوەش خەڵکی ئەم وڵاتانە وەک هەموو گەل و نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و هەڵبژاردنی شکڵ و شێوەی حکوومەتی خۆیانیان هەیە. ئەوەش ڕاست بە پێچەوانەی ئەو وەزعەیە کە لە ئێراندا زاڵە و دژایەتیی لەگەڵ ئەو شتە هەیە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ. هەربۆیەشە هەڵوێستی ئەو ڕێژیمە لەپێوەندی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا تا ئەو ڕادەیە ناتەبا و دژبەیەکە.

لەو لایەنەوە کە ڕاپەڕینی خەڵک لە وڵاتانی عەرەبیدا ماهییەتێکی ڕەسەن و مافخوازانەی هەیە و تەعبیر لە ئیرادە و متمانەبەخۆبوونی خەڵکی ناوچە دەکا، ئێمە ئەو ئاڵوگۆڕانە بە وەرچەرخانێکی موسبەت دەزانین کە دەتوانێ شوێنەواری باشی لەسەر ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە سەرجەم ناوچەدا هەبێ و پێشوازیی لێ دەکەین. هەروەها لەو باوەڕەداین کە بۆ پێشگیری لە بەلاڕێدابردن و قۆستنەوەی نارەوای ئەم بزوتنەوانە، پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەدوور لە سیاسەتی یەک بان و دوو هەوا مامەڵە لەگەڵ ئەم بزوتنەوانە بکا و هەر لەو کاتەدا لە ڕەوتی گوزار بەرەو دێموکراسییەکی واقیعی و پایەداردا بە شێوەی مەشرووع و گونجاو هاوڕێیەتی و هاوکاریی خەڵکی ئەم وڵاتانە بکا.

**کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین**

دەزانین کە سەرەڕای بنەمای زۆر ڕوونی شەرعییەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی لە قانوون و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بونبەستی وتووێژەکانی ئاشتی ئاسۆی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینی هەرچی دوورتر کردبۆوە. بەو حاڵەش لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا هەم ئیدارەی ئەمریکایی و ئورووپاییەکان قەناعەتیان بە زەروورەتی هەنگاونان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین هێناوە و پۆلێکی دیکە لە دەوڵەتان (بەتایبەت لە ئەمریکای لاتین) «دەوڵەتی فەلەستین»یان بەڕەسمی ناسیوە، هەم لەم دواییانەدا ڕەوتێکی ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتن لەنێوان ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین و حەماسدا وەڕێ کەوتووە. ئاکامێکی گرینگی ئەم ڕێککەوتنە دەتوانێ ئەوە بێ کە کۆماری ئیسلامی ئیدی بەستێن و بیانوویەکی زۆری بۆ هەناردەکردن و نێڵدانی شەڕ و ئاژاوە و بۆ حزووری خۆی لەم ناوچەیەدا نەمێنێ. بەتایبەتی کە ڕەسمییەتدان بەم ڕێککەوتنە لە میسر کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی بەشکۆی خەڵکی سووریە لە دژی دیکتاتۆریی بەعس و هاوپەیمانی لە مێژنەی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک بە مانای پەراوێز کەوتنی تەوەرەی ئێران ـ سووریە لە ناوچەکەدا بوو.

ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەگەر بێت و ئەم ڕێککەوتنە ڕەتکردنەوەی بەکردەوە و هەمەلاگیری مێتۆدە تێرۆریستییەکانی لێ بکەوێتەوە، ئیدی وەختی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مامەڵەی خۆی لەگەڵ ئیرادەی فەلەستینییەکان و گرێ کوێرەکانی ڕەوتی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا پێناسە بکاتەوە و بە هەڵێنانەوەی هەنگاوی جیددی و ئازایانە بۆ چارەسەری ئەو کێشە کاتالیزۆرەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کارێک بکا کە هەم مەسەلەی فەلەستین وڵامی گونجاو و یەکجاریی خۆی وەربگرێ و هەم چیدیکە مەسەلەی فەلەستین بە زیانی کێشە مێژووییەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت مەسەلەی کورد، بەشی زۆری سەرنجی بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی بۆخۆی داگیر نەکا.

**تورکیە و تێزی«کرانەوە بەڕووی دێموکراسیدا»**

...گومانی تێدا نیە کە تورکیە کە دەیەوێ لە هەر سێ بواری سیاسی و ئابووری و نیزامیی نێودەوڵەتیدا ببێتە ئەکتەرێکی چالاک و حاشاهەڵنەگر و هەروەها خەونی لە مێژینەی ئەندامەتی لە یەکیەتیی ئوروپاشیدا وەدی بێنێ، ناتوانێ مەسەلەی کورد بە چارەنەکراوی بێڵێتەوە. هێنانە گۆڕی تێزی «کرانەوە بەڕووی دێموکراسی دا» لە مێژووی نوێی تورکیەدا ڕووداوێکی بێوێنە بوو، چونکە یەکەم هەنگاوی ڕەسمی و سیاسی بوو لەپێناوی هەڵگرتنی سیاسەتی ئینکار و حاشاکردن لە کورد. ئەمە ئەگەر لە نەفسی خۆیدا بۆ کورد بە دەسکەوت و سەرەتایەکی گرینگ دێتە ئەژمار، بۆ دەوڵەتی تورکیەش لەولایەنەوە گرینگە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا تورکیە لەباری سیاسی و ئابوورییەوە گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام کۆسپی هەرە گەورەی سەر ڕێگەی ئەم گەشەکردنە شەڕ و نەبوونی تەناهی لە ناوچە کوردنشینەکاندا بووە.

لەگەڵ هەموو زەرفییەتە نیسبییەکانی فەزای سیاسیی تورکیە بۆ بردنە پێشی مەسەلەی کورد لەو وڵاتەدا و تازەگەرییەکانی پارتی حاکمیش لەو پێوەندییەدا، نە بەگشتی ئەو فەزایە و نە بەتایبەتی خودی سیاسەتی ئەو پارتە بە تەواوی وڵامدەر نین. ئەگەرچی وا دیارە دەوڵەتی تورکیە سەرەنجام بەو قەناعەتە گەیشتووە کە ناتوانێ بە ستراتیژییە ئابووری و سیاسیەکانی لە ناوچەدا بگا و مەسەلەی کوردیش هەروا پشت گوێ بخا، بەڵام ئێستاش زۆر لە شوێنەوارەکانی ڕوانینی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی تورک بە گوتاری سیاسی و مامەڵەی قانوونی و ڕۆژبەڕۆژی دەوڵەت لەگەڵ خەڵکی کوردستان و نوخبە سیاسییەکانی گەلی کورد لەو وڵاتەوە دیارە. بەشێوەی کۆنکرێت، لاوازیی تێزی ناوبراو لەوەدا بووە کە لەحنی لە بەرامبەر پارتی کرێکارانی کوردستاندا کە لایەنێکی ئەسلیی کێشەکەیە و و نفووزێکی زۆری لەنێو کۆمەڵگای کورد لە تورکیەدا هەیە، نەگۆڕاوە. سەرەڕای ئەوەی هێنانە گۆڕی ئەو تێزە و کۆمەڵێک دیاردە و هەنگاوی پێش ئەو تێزە و دوای ئەو تێزەش دەتوانن بەرهەمی موسبەت و گونجاویان لێ بکەوێتەوە و پێویستە کەڵکیان لێ وەربگیرێ، بەڵام تەنیا کاتێک تورکیە دەتوانێ ڕێگاچارەیەکی واقعی بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە کە دان بە بوعدی واقعیی مەسەلەکە کە بوعدی سیاسی و نەتەوایەتییە، دابنێ و دەرگاش بەڕووی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و یەک لەوان پارتی کرێکارانی کوردستاندا بکاتەوە و بە موخاتەب وەریان بگرێ.

# بزووتنەوەی سەوز لە هەوراز و نشێودا

مەحموود شەریفی

وەرگێڕان بۆ کوردی: ڕەحمان سەلیمی

یەکێک لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی سەدەی بیستەم سەرهەڵدانی بزووتنەوە و ڕاپەڕینی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتییە. بزووتنەوەگەلێکی هەمەچەشن و بەربڵاو کە توانیویانە چارەنووسی وڵاتێک بگۆڕن و ڕاپەڕینگەلێکی نەزۆک و ناکارا کە هەر لە سەرەتاوە سەرکوت کراون. لە ڕاستیدا بزووتنەوە و جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی هەبوونی کەلێنی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕوو دەدەن. لە سەر ئەو بنەمایە وڵاتانی ئورووپایی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەرەورووی بزووتنەوە کرێکارییەکان و لە نیوەی سەدەی بیست بەدوای دەیەی شەست دا شایەتی شەپۆلێک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوە ئاشتیخوازەکان بووە و بۆتە هۆی گۆڕانی بنەڕەتی لە پێکهاتەی ئەو وڵاتانەدا. بە هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەکانی جیهان بۆمان دەردەکەوێ کە بوونی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان بە تەنیا ناتوانێ ببێتە هۆی بیچم گرتن و سەرهەڵدانی بزووتنەوەکان و هۆکارگەلێکی‌تر وەک ڕێکخستن، ڕێبەری، هەلومەرجی سیاسی و... کاریگەرن.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی کۆمەڵگەی مۆدێرن و لە حاڵی تێپەڕدان و وەک یەکێک لە کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ئەژمار دێن. لە وەها کۆمەڵگەیەک دا مرۆڤەکان وردە وردە لەوە تێ‌دەگەن کە کەلێنەکان و مەوداکان لە کۆمەڵگەدا ناسروشتین و سیستەمی پلەبەندی چیتر وەک ڕووداوی سروشتی و مێتافیزیکی چاو لێ ناکرێن و مرۆڤەکان چیتر تەسلیمی ئەو هەلومەرجە نابن. لەو کۆمەلگەیانەدا شوناسی مرۆڤەکان لە دەست خۆیان دایە و تاکەکانی کۆمەڵگە شوناس و پێگەی میراتگرانە قەبووڵ ناکەن. ڕوانگەی کۆمەڵگە نەریتی و مۆدێرنەکان سەبارەت بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازە. لە کۆمەڵگەی نەریتی و پاتریمونیال دا، بزووتنەوەکان لە لایەن دەوڵەتانەوە سەرکوت دەکرێن، ڕۆڵی بزووتنەوە و وەدیار خستنی کارکردی دەوڵەتان و دابین کردنی ویستەکانی خەڵکە و ڕۆڵێکی وشیارکەرەوەی هەیە. بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگەی مۆدێرن دا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە پێداویستییەکانی قووڵتر کردنەوەی دیموکراسی بە ئەژمار دێن و بە هەمان شێوە کۆمەڵگەی مەدەنی، پێویستی بە دابین کردنی دیموکراسی هەیە.

بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی مێژووی هاوچەرخی ئێران بۆمان دردەکەوێ کە کەلێنە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئایینی و ئەتنییەکان، بەردەوام لەو کۆمەڵگەیەدا هەن و لە ڕاستیدا بوونی هەڵاواردن و ڕوانینە سیاسی و کۆمەڵایەتییە هەڵەکان پاش شۆڕشی ٥٧، ئەو کەلێنەی هێندەی دیکە قووڵتر کردۆتەوە. ئەو کەلێنە گەورە کۆمەڵایەتییانە لە کۆمەڵگەی ئێراندا بەردەوام بەستێنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ڕەخساندوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا کۆی ئەو کەلێنانە نەیتوانیوە بزووتنەوەیەکی فرەڕەهەند بێنێتە ئاراوە کە بتوانێ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە هەلومەرج و پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵات چێ بکا و کۆمەڵگەی ئێران بەرەو ئازادی و دیموکراسی پاڵ پێوە نێ. لە نیوەی دووهەمی دەیەی حەفتا بەوڵاوە وردە وردە چینی نێونجی شاری لە ماستەر شارەکانی ئێران بیچمی گرت و بە سەرهەڵدانی تێکنۆلۆژیی نوێی سەردەم وەک (مۆبایل، ئینتێرنێت و ماهوارە) بەستێنی پێویست بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک لە هەڵاواردنەکان و کەلێنەکانی نێو کۆمەڵگە ڕەخسا. هەر بەو پێیە سەرهەڵدانی دیسکۆڕسی ڕیفۆرمخوازی و سەرکەوتنی خێرای بە سەر دیسکۆرسی نەریتیی بنەڕەتخوازیدا، وەک یەکەمین بڵێسەکانی ڕاپەڕینێکی مەزنی کۆمەڵایەتی بە ژمار دەهات. لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی محەممەدی خاتەمی و هاوبیرانی (ڕیفۆرمخوازەکان) پێکهاتنی یانە کولتووری و ڕێکخراوە مەدەنییەکان (NGO) وەک بەستێنی ڕێکخستنی دیسکۆرسی نوێیریفۆرم خوازی، دەرفەتی مانۆڕی ناوەندەکانی ڕێکخستنی فکریی باڵی نەریتی و بنەڕەتخوازی (مزگەوتەکان و هەیئەتە ئاینییەکان)ی بەرتەسک کردەوە و لە کردەوەدا بێ‌هێزی کردن. ئەو ڕووداوە مژدەی ئەوەی دەدا کە باڵی ڕیفۆرمخواز خوازیاری ئەوەن کە جووڵەیەکی کۆمەڵایەتیی درێژخایەن و پلانمەند لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەست پێ‌بکەن و لە ڕاستیدا بە مەبەستی نەهادینەکردن و چەسپاندنی دیسکۆرسی ڕیفۆرمیستیی خۆیان، ڕەوتێکی موهەندیسیی کۆمەڵایەتی دەست پێ‌بکەن. سەرەتای ئەو حەرەکەتە تەواوکەرێک بوو بۆ بەهێزتر بوونی چینی تازە پێگەیشتوو (چینی نێونجی شاری) و هەروەها خێرایی دانێک بوو بە وێکگەیشتنی ویستەکانی ئەو چینە لە کۆمەڵگە.

باڵی نەریتی و بنەڕەتخوازی کۆمەڵگەش کە شایەتی لە دایکبوونی ئەو حەرەکەتە بووو سەرهەڵدانەکەی لە دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی دەدیت، دەستی دایە ڕێکخستن و مۆبیلیزەی خەڵک و ئامرازە ماددی و مەعنەوییەکانی خۆی بە مەبەستی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو ڕەوتە. بە درێژایی دەیەی ڕابردوو کۆمەڵگەی ئێران بەردەوام لە ململانێی ئەو دوو ڕەوتەدا ژیاوەو لەو نێوەدا ویستەکانی خەڵک کەڵەکە بووەو چاوەڕوانی دەرفەتێک بووە بۆ خستنە ڕووی داواکارییەکانی.

هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری لە ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٨ بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، شێوازێکی جیاوازی بە خۆوە بینی. هەرچەند گەشەی چینی نێونجی شاری و کەڵەکە بوونی داواکارییەکان مزگێنیی ئەوەی دەدا کە بۆ جارێکی دیکە گۆڕانکارییەک لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی وڵات دا ڕوو بدا، بەڵام لایەنی بنەڕەتخواز بە بەکارهێنانی هێزە ماددی و مەعنەوییەکانی خۆی، ئەنجامەکانی بە سوودی خۆی گۆڕی و ئەوە بوو بە بەستێنێک بۆ دەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی ئاشکرای کۆمەڵایەتی و دەرفەتی پێویستیی بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە هەلومەرجی ئارایی و پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دا ڕەخساند. ئامادەبوونی میلیۆنیی خەڵکی تاران لە ڕۆژی ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٨٨، دەرخەری شەپۆلی بەربڵاوی ناڕەزایەتیی خەڵک لە هەلومەرجی ئارایی بوو کە لە ناڕەزایەتی بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دا دەرکەوت. ئەگەر ئێلیتی سیاسیی ئێران پێشبینیی ئەو باردۆخەیان کردبایە و توانیبایان بزووتنەوەی خەڵک بە باشی ڕێبەری و بە ڕێکخستن بکەن، دەکرا چاوەڕوان بکرێ کە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتیی ئێران ڕوو بدا. پاوان کردنی بزووتنەوەی سەوز و لە خۆ نەگرتنی گشت داواکارییەکانی خەڵکی ئێران، نەبوونی پلان و بەرنامەی لە پێش دا دارێژراو و لاوازی و سستیی ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز، نەتەنیا بوو بە کۆسپ لە بەردەم پەرەگرتنی بزووتنەوە بۆ ناوچە پەراوێزیەکانی ئێران، بەڵکوو تا ڕادەیەکی زۆریش شێوازی هەڵەی هەڵبژاردنی دروشمەکان و دارشتنی ستراتیژی بوو بە هۆکاری دامرکانەوەی بزووتنەوە، دیارە پێداگریی دەسەڵات لەسەر سەرکوتی بێ ڕەحمانەی خەڵک و دەسبەسەر کردنی ڕێبەرە فکرییەکانی ئەو ڕەوتەش لەو هۆکارانەن کە کاریگەرییان لەسەر کۆنترۆڵ و نوشوستیی بزووتنەوەی سەوز داناوە.

هەرچەند بزووتنەوەی سەوز لە یەکەم هەنگاوەکانی خۆی دا نەیتوانی ویست و کێشە ئەتنی و سێکۆلارەکانی کۆمەڵگە لە خۆ بگرێ و لە کردەوەدا لە چەند شاردا قەتیس مایەوە، بەڵام ئەوەی کە ئەمرۆکە ناتوانرێ حاشای لێ بکرێ، بوونی ئەو بزووتنەوەیە و پتانسیەلی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوە بۆ سەرهەڵدانی دووبارەیە، ڕاستییەک کە دەسەڵاتدارێتیی ئێران تێی گەیشتووەو بە پلان و ستراتیژیی داڕێژراو لە هەوڵی کۆنترۆڵ و لە نێوبردنی دایە. دەسەڵات باش لەو ڕاستییە گەیشتوە کە سەرهەڵدانەوەی دووبارەی بزووتنەوە پێویستیی بە دوو فاکتۆری شوێن و کاتی تایبەت بە خۆی هەیە و لەو پێوەندییەدا هەوڵ دەدا قەیران خوڵقێنی پاراڵێل و سێناریۆسازی بکا تا لە کاتی خۆی دا کە بزووتنەوە دەرفەت و بەستێنی پێویستیی بۆ سەرهەڵدان بۆ دەرەخسێت، بە کاری بێنێ. لە چەند مانگی ڕابردوودا کە شەپۆلێک لە بزووتنەوەکان و گۆڕانکارییەکان، جیهانی عەرەب و ناوچەی هەژاند و دەکرا دینامیزمی بزووتنەوەی سەوز وەجووڵە کەوێتەوە، دەسەڵات بە زیندانی کردن لە ماڵەوەی ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز و هەڵڵای میدیایی سەبارەت بە کێشە نێوخۆییەکانی لایەنی دەوڵەت و خامنەیی، توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر، قەیرانەکان لە پێش دا کۆنترۆڵ بکا. هێنانەگۆڕی مەکتەبی ئێرانی لە زمانی کەسانی وەک ڕەحیم مەشایی و کێشە و ڕووبەڕوو بوونەوەی زێڕنگەرانە لەگەڵ ئەو دیاردەیە دەتوانێ یەکێکی دیکە لە قەیران خوڵقێنییە کاتییە هاوتەریبەکان بێ. دیارە بەکار هێنانی ئەو هێورکەرەوانە لەلایەن دەسەڵاتەوە، دەتوانێ ببێتە فاکتەرێک بۆ سوود لێوەرگرتنی تیۆری دارێژەرانی بزووتنەوەی سەوز، کارێک کە تا ئێستا نەکراوە. هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوە لە ساڵڕۆژی هەڵبژاردنەکانی ٢٢ی جۆزەردان، مەرگی سێ کەس لە چالاکانی میللی مەزهەبی (عێزەتوڵڵا و هالە سەحابی و هودا سابیر) دەیتوانی خێرایی بەخشێک بێ بۆ سەرهەڵدان و دووبارە ژیانەوەی بزووتنەوەی سەوز، بەڵام ئەم جارەش دەسەڵات سەلماندی کە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ وەها ڕووداوگەلێک، سێناریۆی پێشتر داڕێژراوی هەیە و بە بڵاو کردنەوەی دۆکیۆمێنتی «ئەڵماسێک بۆ فریو» بە کردەوە پەرەی بە بێ متمانەیی و «گومان و پیلان» دا و بۆ جارێکی دیکەش توانایی خۆی لە بەڕێوەبەریی قەیران دەرخست. وردبوونەوە لەو ڕووداوانە دەتوانێ هۆکارێکی کاریگەر بێ لە پەرەپێدان و گشتگیر کردنی لە دیسکۆرسی بزووتنەوەی سەوز بە شێوازێک کە گشت داواکارییەکانی خەڵک لە خۆ بگرێ، بەم شێوەیە بزووتنەوەی سەوز دەتوانێ گەورەترین هەڕەشە بێ لەسەر دەسەڵاتی ئێستای ئێران، بەو مەرجەی بتوانێ ببێتە زمانحاڵی هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی ئێران. لە وەها هەلومەرجێک دا دەکرێ هیوادار بین کە لەو هەڵانەی کە لە داهاتوودا دێنە پێش، بزووتنەوەی سەوز بتوانێ بەسەر دەسەڵات دا زاڵ بێ و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران دا پێک بێ و ببێتە پردێک بۆ گەیشتنی ئێرانێکی ئازادو دێموکراتیک.

**هەرچەند بزووتنەوەی سەوز لە یەکەم هەنگاوەکانی خۆی دا نەیتوانی ویست و کێشە ئەتنی و سێکۆلارەکانی کۆمەڵگە لە خۆ بگرێ و لە کردەوەدا لە چەند شاردا قەتیس مایەوە، بەڵام ئەوەی کە ئەمرۆکە ناتوانرێ حاشای لێ بکرێ، بوونی ئەو بزووتنەوەیە و پتانسیەلی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوە بۆ سەرهەڵدانی دووبارەیە، ڕاستییەک کە دەسەڵاتدارێتیی ئێران تێی گەیشتووەو بە پلان و ستراتیژیی داڕێژراو لە هەوڵی کۆنترۆڵ و لە نێوبردنی دایە**



# پەیامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

**بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستان!**
**بەڕێزان: نوێنەرانی هەڵبژێردراوی بەشدار لە کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**
**سڵاوێکی گەرم،**

بەبۆنەی بەستنی ١٥هەمین کۆنگرەکەتانەوە گەرمترین پیرۆزبایتان لێ دەکەین.

بەڕێزان! ئێوە لە هەلو مەرجێکدا کۆنگرەکەتان دەبەستن کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو رووی ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و چاوەڕوان نەکراو بۆتەوە راپەڕینی خەڵک و دارمانی سیستمە دیکتاتۆڕییەکان پەیامی گرینگ بوون بۆ هەموو دنیا و ئەم رووداوانە نیشانی دا کە دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ ئیتر بە ئاسانی ناتوانن تا سەر درێژە بە دەسەڵاتی نارەوا و بە زۆر سەپاوی خۆیان بدەن.

بە دڵنیاییەوە دەسەڵاتی سەرەرۆی کۆماری ئیسلامییش ئەگەرچی تا ئێستا بە زەبر و زەنگ درێژەی بە دەسەڵاتی خۆی داوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی جۆراوجۆری دەرەکی و نێوخۆییەوە هەمان چارەنووسی ئەبێت و بێ شک ئێمەیش وەک گەلی کورد لە بەردەم گۆڕانێکی گەورە و چارەنووسساز داین. هەر بۆیە لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێکی جیددی لە ئێران دا، خەڵکی کورد و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان رۆڵی گرینگیان دەبێت و کاریگەریی خۆیان دەبێت لە هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتوودا.

هیوادارین کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم پێناوەداو لەم هەلو مەرجە دیاریکراوەدا بتوانێت هەنگاوی شیاو هەڵبگرێت و یارمەتیدەر بێت بۆ یەکگرتوویی زیاتری ریزەکانی گەلی کورد.

جارێکی دیکە پیرۆزبایتان لێ دەکەین و هیوادارین کۆنگرەیەکی پڕ دەسکەوت و سەرکەوتووتان هەبێت.

**کومیتەی ناوەندی**
**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**٢٠١١/٥/٢**

# پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

**بەڕێزان! ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان!**
**بەڕێزان نوێنەران و بەشداربووانی کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان!**

وێرای سوپاس بۆ دەعوەتەکەتان بۆ ناردنی پەیام بۆ کۆنگرە، بەستنی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێوە و هەموو ریزەکانی حیزبتان پیرۆز دەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین. کۆنگرەی ١٥ی ئێوە لە هەلومەرجێکدا دەست بەکار دەکات کە هەموو ناوچەکە بە ئێرانیشەوە لە ئاڵوگۆڕ دایە. شەپۆلی دژ بە دیکتاتۆری و باهۆزی دیموکراسی هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە و بێ گومان ئێران و کوردستانیش ناتوانێ جیا لەو رەوتە بێ. ئەورۆ کۆماری ئیسلامی چ لە ناوخۆی دەسەڵات و چ بە هۆی دابڕانی بەرینی خەڵک و دەسەڵات لە یەکتر، کەوتۆتە قەیرانێکی چارەهەڵنەگر، گەلانی ئێران بە هیچ شتێک کەمتر لە رووخانی ئەو رێژیمە رازی نابن. هەموو حەولی ئیسلاحخوازانی ئیسلامی بۆ ئیسلاح و مانەوەی کۆماری ئیسلامی، لە راستیدا شکستی هێناوە و بۆ جارێکی دیکەش سەلماوە کە کۆماری ئیسلامی نە ئیسلاح دەکرێ و نە دەگۆڕدرێ بۆ کۆماری ئیسلامییەکی نەرم و نیان.

لە وەها هەلومەرجێکدا، کوردستانی ئێران و هێزە سیاسیەکانی دەتوانن دەوری کاریگەر و بەرچاویان هەبێ نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا. بۆیە بە پێویستی دەزانین کۆنگرەکەتان بە رەچاوکردنی ئەو هەلومەرجە، هەنگاوی گەورە لە پێناو یەکریزی و تەبایی ناو بزووتنەوەی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی، هەڵ بگرێ و پێداگری لە سەر یەکێتیی ریزەکانی خەڵکی کورستان بکات. ئەورۆ لە هەموو کاتێک پێویستترە کە کورد یەکدەنگ بەرەورووی ئەم قۆناغە بێتەوە و بە هەمووومان حەول بدەین نالێکییەکان کەم کەینەوە و بایەخ بە خاڵە هاوبەشەکان بدەین تا بتوانین بەستێنی هاوکاری و لێک تێگەیشتن خۆش بکەین.

جارێکی دیکە لەگەڵ داوای سەرکەوتن بۆ ئێوە و هەموو نوێنەرانی کۆنگرە، هیوادارین کۆنگرەی ١٥ حیزبی دیموکراتی کوردستان بتوانێ هەم یەکریزی و تەبایی زۆرتر بۆ حیزبەکەتان پێکبێنێ و هەم رێگا خۆشکەر بێ بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی زۆرتری هێزەکانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان.

**کومیتەی ناوەندیی**
**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**٢٠١١/٥/١ زایینی**
**١١ی گوڵانی ١٣٩٠ هەتاویی**

# پەیامی رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

**بۆ: بەڕێزان! بەشداربووانی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

سڵاوێکی گەرم،

بە بۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکەتان، کۆنگرەی ١٥ حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە گەرمی پیرۆزبایتان لێدەکەین.

**بەڕێزان!**

کوردستان لە رووی سیاسی و وشیاریی کۆمەڵایەتیەوە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوە، هەر بۆیە هیوادارین و دلنیاین کە: لە رێگەی زاڵ بوونی گیانێکی سەردەمیانە بە سەر پێوەندیی نێوان حیزبە سیاسییەکانی چالاک لە کۆمەڵگای کوردستاندا؛ لە رێگەی پەرەپێدانی فەرهەنگی دیالۆگ و خەباتی سیاسیی شارستانیانە و بە دوور لە هەر چەشنە توند و تیژیەک؛ لە رێگەی پڕ کردنەوەی هەر کەلێن و کەلەبەرێک کە بە کردەوە کۆماری ئیسلامی، بە هەموو باڵەکانی ناو دەسەڵات و دوور خراوە لە دەسەڵات، بۆ لاواز کردنی خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان، بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن؛ لە رێگەی رێکخستنی هاوکاری و یەکیەتیی کردەوەی گونجاو؛ لە رێگەی بەرەسمی ناسینی مافی دەسەڵاتدارەتی بۆ جەماوەر؛

خەبات بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی و شادبوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، دەتوانێ لە خێراترین رێگەوە و بە کەمترین خەسارەت مسۆگەر بێت.

لەگەڵ داوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**
**(رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**
**١٤ی گوڵانی ١٣٩٠ی هەتاوی**
**٤ی مانگی مەی ٢٠٠١ی زایینی**

# پەیامی حیزبی لیبرالی گەل (سوئێد) بۆ کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**هەڤاڵان!**

لە پاش شۆڕشی ١٩٧٩، ئێران بۆتە تێئۆکراسییەک کە دێموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان بێ پسانەوە پشتگوێ دەخرێن. کاتی ئەوە هاتوە کە دونیای دەرەوە بەرپەرچی ئەم وەزعە بداتەوە و پرسی ئازادیی ئێران لە سەرووی ئاجێندای سیاسی دابنێ.

لە دوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ رێژیمی ئێران زۆر دڕندانە بە دژی جووڵانەوەی سەوز و هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ ئازادی وڵات خەبات دەکەن هەڵسوکەوتی کردوە. رێژیمی ئێران خەڵکی بە جەڕەسەقیل هەڵدەواسێ، پشتگیریی تێرۆریزم لە لوبنان و فەلەستین دەکا، رۆژنامەنووسان ئەشکەنجە دەکا و هەوڵ دەدا بۆمبی ناوەکیی وەدەست بهێنێ. ئەوە بۆتە مایەی نیگەرانییەکی زۆر.

بارودۆخی کوردان لە ئێران زۆر دژوارە. کوردەکان نەتەنیا کەمە نەتەوەیەکن بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە زۆربەیان موسوڵمانی سوننین لە بواری ئایینیش کەمینەن. دونیای دەرەوە دەبێ سرنج بدا بە پرسی کوردان لە ئێران. بە هەمان شێوە کە کوردەکانی عێراق پاش رووخانی رێژیمی سەددام فیدراڵییان وەرگرتووە، کوردەکانی ئێرانیش دەبێ لە ئێرانێکی ئازاد دا بڕیار بۆ ژیانی رۆژانە و داهاتووی خۆیان بدەن.

وێرای سڵاوی دۆستانە

**حیزبی لیبراڵی گەل لە سوئێد**
**فرێدریک مالم،**
**وتەبێژی سیاسەتی دەرەوە و ئەندامی پارلمان**

# پەیامی رێکخراوی بانگەوازی ژنێڤ (جنیڤا کاڵ) بۆ کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

رێکخراوی بانگەوازی ژنێڤ (جنیڤا کاڵ) سڵاو دەنێرێ بۆ هەموو ئەندامانی کۆنگرەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

ئێمە لەو دەرفەتەدا دەمانەوێ ئاماژە بە دەروەستیی حیزبەکەتان بە یاسا و رێساکانی مافی نێونەتەوەیی لەبواری قانوونی بەشەردۆستی و مافی مرۆڤدا بکەین. ئێمە جارێکی دیکە سەبارەت بە بڕیاریساڵی رابردووتان بۆ لایەنگری لە قەدەغەکردنی مینە دژی نەفەرەکان پیرۆزباییتان پێ دەڵێین. مینی دژە نەفەر چەکێکە کە بێ ئامانج زەبر دەوەشێنێ و زۆرتریش خەڵکی بێدیفاع و مەدەنی دەکاتە قوربانی. هەربۆیەشە ئێمە پێمان وایە کە دەبێ دابماڵرێ و دەروەستیی ئێوەش لەو پێوەندییەدا نیشانەی بەخەمەوە بوونتان لەو بوارەدایە.

حەز دەکەین ئەوەشتان پێ رابگەیەنین کە ئێمە بەوەش زۆر خۆشحاڵین کە دەبینین ئێوە ئامادەن لەمەوبەدوا لە بواری پارێزگاری کردن لە منداڵان و لە ژنانیش یارمەتیمان بدەن.

بە کورتی ئێمە ئەو هاوکاریەیە گەرم و گوڕەی لەنێوان ئێمە و ئێوەدا بە ئامانجی پاراستنی خەڵکی مەدەنی لە حاڵەتی شەڕدا وەڕێ کەوتووە زۆر بەرز دەنرخێنین.

لە کۆتایی‌دا سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بۆ بە ئاوات دەخوازین. هیوادارین ئەو رووداوە فورسەتێک بێ بۆ بەرهەمهێنانی لێکدانەوەی قووڵ و بنیاتنەر لە پێناوی وەدیهێنانی ئاشتی و ئارامی لە ئێران‌دا.

لەگەڵ رێز.

**ئێلیزابێت دێکرێ وارنێر**
**سەرۆکی رێکخراوی بانگەوازی ژنێڤ – جنیڤا کاڵ**
**٢٢ ی مای ٢٠٠١**

# پەیامی ژێرار شالیان کەسایەتیی ناسراوی فەڕانسەیی و دۆستی د. قاسملوو بۆ کۆنگرەی پازدەی حیزب

هەڤاڵانی خۆشەویست!

حەز دەکەم بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی پازدەی حیزبەکەتان پەیامێکی کورتی پشتیوانیتان ئاراستە بکەم.

ئەو ئامانجەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خەباتی بۆ دەکا و کاتی خۆی عەبدولڕەحمان قاسملوو لە دروشمی «کوردستانێکی خودموختار لەنێو ئێرانێکی دێموکراتیکدا» فۆرموولەی کردبوو، لە هەموو کاتێک زیاتر ئیعتباری هەیە.

لەکاتێکدا کە بوومەلەرزەی شۆڕشەکان دەسەڵاتە سەرەڕۆکانی مەغریب و مەشریقی شڵەژاندووە، زەحمەتە شەپۆلی گۆڕان ئێرانیش نەگرێتەوە. بەتایبەت کە خۆپێشاندانەکان لە ئێران لەپێش هەر شوێنێکی تر دەستیان پێ کرد.

راستە کە رێژیمی ئێستای ئێران دەست لە سەرکوتی خەڵک ناپارێزێ. بەڵام ئێوە بە مەرجێک هەروا لە مەیداندا حزوورتان هەبێ، دەتوانن لە لاوازکردنی ئەو رێژیمەدا نەخشی بەرچاوتان هەبێ. ئەمە ئەو نەخشەیە کە من بۆ ئێوەی ئارەزوو دەکەم.

**ژێرار شالیان**

## ناسری حیسامی:

# لاوی کورد بە دیلی لە دایک دەبن و نایانەوێ بە دیلی بمرن

وتووێژی ئازاد عەبباسیان لەگەڵ ناسر حیسامی ( شاعیر و وەرگێڕ)

ناسری حیسامی سالانێکە خزمەت بە ئەدەبیاتی کوردی دەکا و هەردەم لە هەوڵی ئەوە دا بووە کە ئەدەب و شێعری کوردی بەرەو پێشتر بڕوات.

دەتوانین بڵێین کە کاک ناسر شاعیرێکی شۆڕشگێڕ و شۆڕشگێڕێکی شاعیرە. خزمەت کردن بە ئەدەب و زمانی کوردی یەکێکە لەو شانازییانەی کاک ناسر. هەردەم لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئەدەبی کوردی بەرز ڕابگرێ و زیاتر لاوی کورد هان بدا بۆ فێربوونی ئەدەب و زمانی کوردی.

کاک ناسر ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە شێخاڵی لە ناوچەی موکریان لە دایک بووە، لە شێخاڵی، کۆنەمەڵڵالەر،بۆکان، نەغەدە و کەرەج دەرسی خوێندوە.

ساڵی ١٩٧٨ بووەتە ئەندامی یەکیەتیی قوتابیانی کوردستان و سەرنووسەری گۆڤاری ئەو یەکیەتییە بە زمانی فارسی.

ساڵی ١٩٨٠ وەک هاوکاری "جەمعییەتی دیموکراتیکی موعەلیمانی موبارز" لە بۆکان، لە بەڕێوەبردنی چەند خولی فێرکردنی خوێندن و نووسینی زمانی کوردیدا بەشدار بووە.

**ئازاد ـ جەنابت لە کەیەوە دەستت بە نووسینی شێعر کردوە یا با بڵێین کەی و چۆن بوو لە گەڵ شێعر ئاشنا بوویت؟**

ناسری حیسامی: لە بیرم نییە یەکەم نووسراوم کە پێم وابووە شێعرە، کەی نووسیومە. پێم وایە بایەخی ئەوەی نەبووە بمێنێتەوە، بۆیە خۆشم لە بیرم نییە. بەڵام دەزانم تەمەنم زۆر کەم بوو کە هەوڵم داوە بۆ نووسینی شێعر. لە نووسراوەکانی ئەو سەردەمە، بە داخەوە هیچم نەماوە، تا ئێستا چاویان لێ بکەمەوە و بزانم ئایا بە شێعریان دەزانم یان نا.

**ئازاد ـ یەکەم شێعرت کە چوەتە سەر کاغەز بە چ ناوێک بوو؟ ئەگەر بە ئەرکی ناوانی چەند دێڕێک لەو شێعرەمان بۆ بفەرمویت؟**

ناسری حیسامی: لە بیرم نییە. بە داخەوە لە شێعرەکانی ساڵانی سەرەتای نووسینم، هیچیان نەماوە.

**ئازاد ـ شێعر چ کاریگەرییەکی لە سەر جەنابت هەبوە؟**

ناسری حیسامی: کاریگەرییەکی زۆر. بووەتە ڕێگایەک بۆ پەیوەندیم بە جیهان و دیاردەکانەوە، بۆ پەیوەندیم لە گەڵ مرۆڤ لە دوور و نزیک.

**ئازاد ـ چ پێوەندییەک لە نێوان شێعری حیماسی و پێشمەرگە دا دەبینی؟**

ناسری حیسامی: بە داخەوە لە ئەدەبی کوردیدا، شێعری حیماسیمان زۆر کەمە. ئەوەی هەیە، زۆرتر هی بەیت و حەیرانەکانە. تا ڕادەیەکیش بەرهەمی شاعیرانی ئەم سەردەمەی خۆمان. ئەو بەشەی شێعری کوردی کە پێشمەرگە هەوێنی بووە، تەنیا بەشێکی، بە شێعری حیماسی دادەنرێ. ئەوی دیکەی، بەشێکی گەورەی، دەربڕینی هاندەرانەیە و زۆر جاریش بە زمانی سیاسی. ئەوە دەچێتە خانەی ئەدەبی بەرگری، یان ئەدەبی موقاوەمەت، بەڵام ناکری بە هەمووی بڵێی شێعر.

**ئازاد ـ هەستی نەتەوایەتی تا چەند کاریگەر بووە لە سەر شێعرەکانی جەنابت؟**

ناسری حیسامی: پێم وایە هەموو تاکێکی نەتەوەی بندەست، خۆی پێ بزانێ یان نا، تەئسیری ڕووحی لە ستەم و نابەرابەریی نەتەوەیی وەردەگری. بەشێک لەوانە، ئەو تەئسیرە تا ڕادەیەک لەسەریان زۆرە کە هانیان دەدا بۆ ئەوەی چنە مەیدانی بەرەوڕووبوونەوەی ئەو ستەمە. پێم وایە لە شێعری مندا، زۆر نموونە هەن کە ئازاری هەست کردن بەو ستەمەیان پێوە دیارە.

**بە ڕای جەنابت مۆسیقا تا چەند دەتوانێ ڕۆح بە شێعر بدات و بە پێچەوانەوە؟**

– بە بڕوای من ئەو دووانە پەیوەندییەکی دانەبڕاویان لە گەڵ یەکتر هەیە. شێعر، ئەگەر مۆسیقا و هارمۆنییەکی دەروونیی نەبێ، زەحمەتە چێژی شێعری لێ وەرگری.

**زۆرتر حەزت لە شێعری چ شاعیرێکە؟ ئەو شاعیرە چۆن دەبینی؟**

لە شاعیرانی کورد هێمن. بە سەرچاوەی شیعری جوانی دەبینم. زمانێکی گەرم و لە دڵ نزیکی هەیە.



**پێناسەت بۆ ئەم شاعیرە مەزنانە چیە؟**

**هێمن:** گەشترین شاعیری ئەم سەدساڵە.

**حاجی قادری کۆیی:** شاعیرێکی بوێر

**ئەحمەد شاملوو:** دەنگی، زیاتر لە شیعرەکانی کاری تێکردووم.

**سۆهراب سپێهری:** زۆر لە شیعری نزیک نیم. جیهانی خەیاڵاتی، زۆر تایبەت بوو بە خۆی.

**ئازاد ـ ئەو گۆڤارانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەچن، تا چەند دەتوانن لە خزمەتی ئەدەبی کوردی دا بن؟**

ناسری حیسامی: بە داخەوە، سانسۆر دەرەتانی لێ بڕیون. ئەگەر نا گەلێک نووسەری دڵسۆز و شارەزا و خاوەنبەهرە هەن کە پێویستە کۆمەڵگەی ئێمە بیانناسی و لە بەرهەمەکانیان فێر بێ. بە داخەوەم کە دەرفەتی بڵاوکردنەوە بۆ ئەوانە یەکجار بەرتەسکە.

**ئازاد ـ کاک ناسری حیسامی چ پەیامێکی هەیە بۆ لاوانی کوورد لە پێوەندی بە ئەدەبیاتی کوردیەوە؟**

ناسری حیسامی: گرنگترین ئەرکی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەم زەمینەیەدا بەوە دەزانم خوێندنەوە و نووسینی کوردی فێر بن. ئەوە هەم مەترسیی پەراوێزکەوتن لەسەر زمانی کوردی لا دەبا، هەم دەرفەتی گەشەکردنی ئەدەبیاتی کوردی زیاتر دەکا.

**ئازاد ـ چەند بەرهەمی چاپ نەکراوتان هەیە؟ ناوی بەرهەمەکان:**

ناسری حیسامی: وەرگێردراوی شێعری ٥ شاعیری ئێرانی: نیما، شاملوو، سایە، کەسرایی، موشیری

– وەرگێردراوی شێعرەکانی بابەتاهیری هەمەدانی

– دیوانی وەفایی (ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە)

– کۆمەڵە وتاریکی ئەدەبی (ڕەخنە و لێکۆڵینەوە)

**ئازاد ـ بۆ ئەم وشانە پێناسەتان چیە؟**

**١- ژیان** : خۆزگە دەرفەتی زیاتر بوایە.

**٢- شێعر:** لەو جێگایە دێتە قسە، کە زمانی ئاسایی دەرەقەتی دەربڕین نایە

**٣- شۆڕش:** یاخیبوونێکە بە ئومێدی ڕزگاربوون، بەڵام زۆرجار، یاخییەکان لە بیریان دەچێ، زنجیرەکانی دەست و قاچیان بکەنەوە.

**٤- لاوی کورد:** بە دیلی لەدایک دەبن و نایانەوێ بە دیلی بمرن.

**٥-کوردستان:** کوڵکەزێرینەی ڕەنج و ئازار و جوانی و ژێردەستی و ئاوات.

**٦- خۆشەویستی:** سەرابێکە، مرۆڤ تەنانەت پێشی بگا، هەرگیز نازانێ کەی دەمی پێوە نا و بۆ تێر نەبوو.

**٧- ئازادی:** هەموو کەس لێی دەدوێ و، بە دەگمەن کەس هەیە بزانێ یانی چی.

**٨ - دایکی شەهید:** برینی ڕۆڵەکەی لە سنگی خۆیدا دەپارێزێ هەتا دەیباتە ژێرخاک.

## وەرەوە

چۆن بزانم؟
دەبوو چۆنم زانیبا من کە تۆ لەوێی؟
چاوم سۆمای ئەوەی نەبوو
ڕێگام بەرەو ئەوێ نەچوو
شەماڵ بۆی کەزیەتی دێنا و
لە گەڵ بۆنی وەنەوشەکان لێم تێک دەچوو.

دەنگت نەکرد،
تا بەم چەشنە مەنزڵی من دوور کەوتەوە
تا ڕێگاکەم بە وەنەوزێک وڵاتی خۆی بە جێهێشت و
لەم دوورگەیە لێی خەوتەوە.

دڵم دەڵێ بانگی بکە
بڵێ وەرە، بابان وێرانی وەرەوە
وەرە و بۆنی مێخەکبەندی ئەو کاتانەشت بەرەوە.

بەڵام ئیدی تازە بۆ بێی
ئەو سەردەمە ڕۆیشتووە
ئیدی بۆنی مێخەکبەند و
ئیدی تریفەی مانگەشەو بەسەرچووە.

ئێرە پڕە لە یادی تۆ
لێرە ئاسمان پڕە لە هەوری دڵتاسک
جارناجاری بە کوڵ دەگرین
دەشتێک سوورە لە هەڵاڵە
کە چاویان پڕە لە ئەسرین

تازە چ بکەم
سنەوبەرێک شک نابەم من
کە بیهێنمە تکای باڵات
باڵندەیەک شک نابەم من
چریکەم بێنێتەوە لات

ئەو دڵەی من کە دەتزانی خوو ناگرێ بە قەفەزێ
ئەوا ئێستا
لە سینەمدا
وەکوو باڵندەی سەربڕاو هەڵدەبەزێ.

### دوو کورتە شێعر

بێ ئۆقرەیە و
بۆ تەنیایی بێ بەرگیە
دڵی کانی.
ئەگەر شەوێک مانگ نەیدوێنێ
یان ئەستێرە چاودانەگرن، لە شەپۆلە وردەکانی
دەچێ تێکەڵ هەور دەبێ و
جا وەرە بەر ڕێژنەی فرمێسک
جا گوێ بدە ناڵەی کێی پڕ لە ژانی
وەکوو بلوێر
هەزار خەمت بۆ دەکاتە یەک گۆرانی.
..................
غەمت نەبێ
گەر گۆرانی لە نێو گەرووی باڵندەیەک وشک هەڵات.
غەمت نەبێ
گەر چناریک، لە دارستان بەلادا هات.
دوعا بکە خاک بمێنێ، خاکی وڵات،
هەتا تووی گوڵ بمێنێ و
مەودا بۆ فڕین بمێنێ و
جێگا بۆ سێبەری باڵات.
جێگایەک بۆ بیرەوەرییەکانی ئێمەش
لێوالێو لە بزە و فرمێسک و
لە ئاوات.

«ناسر حیسامی»

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 561 21 june 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization:H - SR: 27500 - FEC:5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

## بەڕێوەچوونی جێژنێک بۆ منداڵانی کەمپەکانی حیزبی دیموکرات

ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی رۆژی جیهانیی منداڵان و هەروەها ٩ ساڵەی بڵاوبوونەوەی گۆڤاری دنیای منداڵانەوە ڕێوڕەسمێکی تایبەتی پێک هێنا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەشداریی سەدان منداڵی نێو کەمپەکانی حیزب و کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان لە ساڵۆنی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی حیزبدا بەڕێوە چوو، کۆمەڵێک بڕگەی هونەری و چالاکیی ئەدەبی و وەرزشی پێشکەش کران.

ئەو جێژنە بە سروودی « خوایە وەتەن ئاواکەی» لە لایەن کۆرسی ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ کردو پاشان کاک عوسمان بێورانی، بەرپرسی ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەش کرد و پیرۆزبایی ئەو رۆژەی بە منداڵانی کوردستان و منداڵانی بەشدار لە ڕێوڕەسمەکە راگەیاند.



سروودی «پەپوولە»، «دایە گیان»، هونەری ئاڵقە گێڕان، چەند کورتە شانۆیەکی تەنز و دراماتیک، پێشڕکێی زانیاری، هەڵپەرکیی گرووپی باران، شێعر خوێندنەوەی پۆلێک لە منداڵان، گۆرانیی « هەورێکی هێنا»، چەند چالاکییەکی منداڵان لەو ڕێوڕەسمەدا، بوون.

## دوو پزیشکی کورد خەڵاتی تەندروستیی جیهانییان وەرگرت



کامیارو ئارەشی عەلایی دوو برای پزیشکی کوردی شاری کرماشان لەلایەن ئەنجومەنی تەندروستیی جیهانیی لە ئەمەریکا بە هۆی ئەوەی « ئەوان هێمای خەباتی جیهانی بۆ یارمەتیی توشبووان بە نەخۆشیی ئایدز» خەڵات کران.

بە پێی هەواڵی چالاکانی مافی مرۆڤ ئەم دوو برا پزیشکە ساڵی ٨٧ بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ روخانی کۆماری ئیسلامی گیران و ئارەش بە ٦ ساڵو کامیار بە ٣ ساڵ زیندان مەحکووم کرا.

کامیاری تەمەن ٣٧ ساڵ چەند مانگ لەوە پێش و دوای ٢ساڵو نیو زیندانی ئازادکرا، بەڵام ئارەشی تەمەن ٤٢ ساڵ تا ئێستاش هەر لە زیندان دایە.

سەرۆکی ئەنجومەنی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی پێشکەش کردنی ئەم خەڵاتە ١٠ هەزار دۆلارییە رایگەیاند کە برایانی عەلایی بۆ بەرگری لە مافی توشبووان بە ئایدز ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە.

برایانی عەلایی لەساڵی ٧٧ ی هەتاویەوە بە پرۆژەیەک بۆ پێشگرتن لە ڤایرۆسی (HIV) و پەرەسەندنی نەخۆشی ئایدز، لەنێو تووشبوان بە مادەسڕکەرەکانی کرماشان دەستیان بە چالاکی کرد و دواتر چەندین خولی راهێنانیان بۆدامەزراوەتەندروستییەکانی ئەفغانستانو تاجیکستان کردەوەو هەوڵیاندا هاوکارییەکی ناوچەیی لە بواری تەندروستی لە نێوان دوانزە وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئاسیای ناوەند دروست بکەن.

## پیشاندرانی شانۆگەریی بەڕووە تاڵەکانی کرماشان لە تاران



شا نۆ گە ر یی «بەڕووە تاڵەکان» لە نووسین و دەرهێنانی شانۆکاری کورد شەهرام کەرەمی، لە هۆڵی قەشقایی کۆمەڵگەی شانۆیی تاران پیشان درا.

شەهرام کەرەمی، شانۆکاری کرماشانی لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر دەڵێ کە شانۆگەریی «بلوتهای تلخ» بەرهەمی گرووپی شانۆی شایایە کە لەو ماوەیەدا لە هۆڵی قەشقایی کۆمەڵگەی شانۆی تاران پیشان دراوە. ئەم شانۆگەرییە چیرۆکی سێ قۆناغ لە ژیانی بنەماڵەیەکی کوردی یەکێک لە گوندەکانی کرماشان بە ناوی سەید ئەیاز دەگێڕێتەوە کە بەر لە شەڕی ئێران و عێراق لە نزیک سنوور دەژیان و لەگەڵ بابەتە جۆراوجۆرەکانی ژیانیاندا رووبەڕوودەبنەوە و لەو سێ قۆناغەدا ژنێک کە گەورەی ماڵەکەیە، دوو کوڕ و کچێکی لە دەست دەدات.

## بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵی کۆساڵان لە شاری سنە

یازدەیەمین خولی فیستیڤاڵی ناوچەیی سینەمای لاوانی ئێران، بە ناونیشانی کۆساڵان، بە بەشداری ١٢٤٥ بەرهەمی هونەری لە شاری سنە بەڕێوە دەچێ.

سیرووس سەنایی، بەڕێوەبەری ئەنجومەنی سینەمای لاوانی ئێران ـ نووسینگەی سنە بە ئاژانسی هەواڵی پەیامنێری راگەیاندوە کە یازدەیەمین خولی فیستیڤاڵی ناوچەیی سینەمای لاوانی ئێران بە بەشداری ١٢٤٥ بەرهەمی هونەریی هونەرمەندانی ٩ پارێزگای ئێران لە کۆمەڵگەی فەرهەنگی و هونەری فەجری شاری سنە بەڕێوەدەچێ.




بە پێی زانیارییەکانی سەرچاوەی هەواڵ لە کۆی ١٢٤٥ بەرهەمی نێردراو بۆ فیستیڤاڵی کۆساڵان، ٣٠٢ فیلمی دیکۆمێنتاری، ئەزموونی، چیرۆکی و ئەنیمەیشێن، ١٥٤ سیناریۆ لە ٩٦ سیناریۆنووس، ٧٦٧ وێنەی فۆفۆگراف لە ١٤١ فۆتۆگرافەر و ٥٤ پووستەر لە ٢٤ دیزاینەر دەچنە بەشی پێشاندان و پێشبڕکێی فستیڤاڵەکەوە.

## بەڕێوەچوونی چالاکییەکی هونەریی هونەرمەندێکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەولێر



وریا بداغی، هونەرمەند و شێوەکاری لاوی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پیشاندانی بەشمەینەتی و ئازاری پەنابەرانی کورد و ئەوانەی نیشتمانی خۆیان بە هۆکاری سیاسی جێ هێشتوە، چالاکییەکی هونەریی لە گەلەری شانەدەر لە شاری هەولێر بەڕێوە برد.

لەو پڕۆژە هونەرییەدا کە وریا بداغی و کوردستان زرار دوانیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە، ٢٩ ی جۆزەردان لە ژێر ناوی « مانەوە» لە هەولێر پیشانیان دا، لە ڕێگەی هونەرەوە باس لە بارودۆخی نالەبار و کێشەکانی پەنابەرانی کورد کرا.

هونەرمەندی شێوەکار وریا بداغی لەبارەی پڕۆژەی« مانەوە» بەناوەندی هەواڵی کوردستان و کوردی راگەیاند کە ئەو پڕۆژەیە دەنگی نارەزایەتییە بەرامبەر بە پەراوێزخرانی پەنابەرانی کورد و بێبەش کردنیان لە مافە سیاسی و مەدەنییەکانیان.



بەر لە ماڵاوایی

## سیاسەتی «بانێک و دوو هەوا» لە بارەی مافی مرۆڤەوە وەلانێن

**محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، لە نێو بەندیخانە و لە ژێر گوشار و هەڕەشە و بەربەستەکانی بەندییەوانەکان و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیشدا، لە ئەرکی پیرۆزی خۆی کە داکۆکی لە مافی مرۆڤ و پەرەپێدانی بایەخە مرۆییەکانە، غافڵ نییە و لە راستیدا، بەندیخانە و بەندییەوان نەک هەر نەیانتوانیوە بێدەنگی بکەن، بەڵکوو ئەویان لەسەر رێبازی مرۆڤدۆستانەی خۆی شێلگیرتر کردوە. کەبوودوەند لە بەرەبەری دووهەم ساڵڤەگەڕی نارەزایەتی دەربڕینی میلیۆنیی دانیشتوانی تاران لە جۆزەردانی ١٣٨٨دا، بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوە. لەو بەیاننامەیەدا وێڕای پێداگرتن لەسەر مافی نارەزایەتی دەربڕین و سەرپێچی لە قانوونە دژە مرۆیەکان، داوای ئازادیی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکان و کۆتایهاتن بە سیاسەتی «بانێک و دوو هەوا»ی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لەبارەی مافی مرۆڤەوە دەکا. سەرنجتان بۆ چەند بەشێک لە بەیاننامەکەی محەممەد سەدیق کەبوودوەند رادەکێشین:**

«هەروا کە لە بەندی سێهەمی ماددەی دووهەمی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دا هاتوە، بناغە و سەرچاوەی دەسەڵات، ئیرادەی خەڵکە و ئەم ئیرادەیە دەبێ بەهۆی هەڵبژاردنێکەوە کە راستگۆیانە و دڵخوازانە بێ، دابین ببێ. هەروەها ماددەی ٢٨ی ئەم بەیاننامەیە، رایگەیاندوە کە هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە داواکاری سیستەمێک بێ کە لە باری کۆمەڵایەتی و نێونەتەوەییەوە، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی دابین بکا. هەر بۆیە، هەر کاتێک، سیستەمێکی نادێموکڕاتیک دەرەتان و ئیمکانی پێویست بۆ دابینکردنی مافی مرۆڤ پێک نەهێنێ، هەموو تاکەکانی کۆمەڵ مافی ئەوەیان هەیە دژی بارودۆخی ئارایی دەنگ هەڵبڕن، سەرپێچی لە یاسای نادێموکراتیک بکەن و تێکدانی سیستەمی زاڵ، وەک مافێک بۆخۆیان بهێڵنەوە.

دیارە دەبێ بگوترێ کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لەم پێوەندییەدا تووشی جۆرێک پارادۆکس لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی دا بووە. هەروا کە لە مانگەکانی رابردوو دا دیتوومانە، ئەم حکوومەتە لە راگەیەنەکانی خۆی دا، داکۆکی لە مافی نەیارانی دەوڵەتانی وەک بەحرەین و یەمەن دەکا و نیگەرانیی خۆی لە سەرکوتی ئەوان و زەوتکردنی ئازادییە سیاسییەکانی خەڵکی ئەو وڵاتانە دەردەبڕێ و تەنانەت لە مافی ئەوان بۆ رووخانی دەوڵەتانی ناوبراو، پشتیوانی دەکا. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە ئەم مافە بۆ خەڵکی ئێران یا تەنانەت خەڵکی دەوڵەتانی ملهوڕی هاوپەیمانی ئەو رێژیمە، بۆ وێنە سووریە، بە رەوا نازانێ و بە رەسمیی ناناسێ.»

کەبوودوەند دوای ئاماژە بە توندوتیژی و تاوانەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە دژی نارازییان لە ئاکامی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، بەمجۆرە درێژە بە بەیاننامەکەی دەدا:

«رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، لە ساڵڤەگەڕی نارەزایەتی دەربڕین لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ناسالم لە ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٨دا، وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەری قووڵ لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و مافی هاووڵاتییی خەڵکی ئێران، شانبەشانی وێژدانە بەخەبەرەکان، رادەگەیەنێ کە رەفتار و هەڵسوکەوتی دەوڵەت و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە هاونیشتمانانی نارازی و رەخنەگران و نەیارانی دەوڵەتی، قبووڵنەکراو، پاساو نەدراو، دژە مرۆیی و ملهوڕانەیە. ئەم رێکخراوە پێداگری لەسەر مافی نارەزایەتی دەربڕینی خەڵک بەرامبەر بە بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مەدەنیی نالەباری وڵات، هەروەها داکۆکی لە مافی سەرپێچیی خەڵک لە یاسا دژە مرۆیی و نادێموکڕاتیکەکان، سەرکوتی نارەزایەتی دەربڕینی مەدەنی و هێمنانەی خەڵک بە ناقانوونی و ناتەبا لەگەڵ نێوەرۆکی بەیاننامە و پەیماننامە نێونەتەوەیی یەکانی مافی مرۆڤ دادەنێ. رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ داوای راوەستانی سەرکوت، گرتن و دەستبەسەرکرانی لە خۆوەی هاونیشتمانان و، ئازادیی هەموو بەندییە سیاسی و مەدەنییەکان دەکا. ئەم رێکخراوە هەروەها کۆتایی هاتنی رەفتار و هەڵسوکەوتی بانێک و دوو هەوای کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ و بایەخە جیهانییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دا، دەکا.»

**تاران، بەندیخانەی ئێوین، ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٩٠ (١٥ی ژوئەنی ٢٠١١)**